# بۆپێشەوە

FORWARD


بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی هەشتەم ژمارە (186) بەرواری 1-3-2025

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

مانگی دووجار، لە (1)و (15) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## پیرۆزە هەشتی مارس...
## هێمای ناڕەزایەتی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان بەدژی ئاپارتایدی ڕەگەزی...





## وتەی ژمارە

## بزوتنەوەی ناڕەزایەتی مامۆستایان و فەرمانبەران و بەدەستەوە گرتنی ئەزموونی نوێ!

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

لە ٢٣ و ٢٤ مانگی شوباتدا، بەشێک لە مامۆستایان و موچەخۆران لەسەر ڕێگەی عەربەت-سلێمانی خێمەیان هەڵدا بۆ ڕێگری لە دزینی نەوتی خەڵکی کوردستان و ڕێگەیان لەو تانکەرە نەوتانە گرت کە بەشێوەی بەردەوام نەوت بە شیوەی نایاسایی و قاچاغ دەگوازنەوەو کۆمپانیاکان و سەرانی حزبی دەسەلاتدار لە خێروبێرەکەی دەخۆن و هێزی سەرکوت و فریوکاریشی پێ قەڵەو دەکەن.



خەڵکی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتیش مامۆستایان و فەرمانبەران، لە درێژەی نارەزایەتی رەوایاندا بەدژی دزی و تالانی و هاوکات بۆ موچەو مافە زۆر سەرەتاییەکانیان وەکو دامەزراندن، پلە بەرزکردنەوە... زیاتر لە دەهەیەکە سیمای کۆمەڵگەیان گۆڕیوە بە مەیدانێکی خەباتێکی نەبڕاوە. یاداشت نووسین، کۆبونەوە، بایکۆت، مانگرتن، خۆپیشاندان، چادر هەڵدان، یەخەگرتنی بەغدا و یوئێن... ئەو شێوازانەنە کە مامۆستایان و فەرمانبەران بە دەستیانەوە گرتوون. لە نارەزایەتییەکانی ئەم دوایەدا چادر هەڵدان لەبەردەم یوئین و "مانگرتن لە خواردن و خواردنەوە" وەکو چەکێکی گوشار لەسەر دەسەلات لەلایەن بەشێک لە فەرمانبەران و مامۆستایان دەستی بۆ برا. ئەم مانگرتوانە نیشانیاندا ئامادەی مەرگن،!! لە پێناو کۆتاییهێنان بەو ستەم و غەدەری کە دەسەڵاتی تاڵانچی بزوتنەوەی کوردایەتی بە نەدانی موچەو دواخستن و بێبەشکردنیان لە دامەزراندن و راگرتنی پلە بەرزکردنەوە لێیان دەکات.. لەو نێوەدا توانیان پشتیوانییەکی گەورەی کۆمەڵایەتی بەدەست بهێنن، کە لە بنەرەتدا ریشەی لە رەوایەتی نارەزایەتی و داخوازییەکانیاندا هەبوو.

یەکێک لەو شێوازی پشتیوانییە کۆمەڵایەتییە لە مامۆستایان و فەرمانبەران و خواستەکانیان، داخس4تنی دوکان وبازار بوو. داخستنی دوکان وبازار بۆ پشتیوانی لە بزوتنەوەی نارەزایەتی حەقخوازانەیان، تەنها پشتیوانیەک سادە نەبوو، بەڵکو هاوکات مانگرتنێکی جەماوەری کاسبکار و دوکاندارەکان بوو، بۆ پشتیوانی لە مامۆستایان و فەرمانبەرانی مانگرتوو... ئەم مانگرتن و پشتیوانییە، ئەزمونێکی نوێ لە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری خەڵکی کوردستان بوو. هاوکات ڕیگەگرتنی پارتی لەوەی مامۆستایان و فەرمانبەران لە زۆنی زەرد نارەزایەتییەکانیان لە کۆبونەوە، یان مانگرتنیکدا نیشان بدەن و تا دەگاتە رێگری لەبەشیک لە مامۆستایان و

بۆ لاپەڕە 2

## سەرکوت و پیلانگیرِی ناتوانێت بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری بەشکست بکێشێت!



مامۆستایان و فەرمابەران ئەمجارە بە کۆبونەوە و چادر هەڵدان لەسەر رێگای سلێمانی/عەربەت... بۆ ڕێگەگرتن لە دزینی نەوتی خەڵکی کوردستان و لەپێناو گوشار هێنان بۆ دەسەڵاتی سیاسی تا وەڵام بەداخوازییەکانیان لە موچەو دامەزراندن و پلە بەرزکردنەوە بداتەوە، نیشانیاندا کە بە شێوەی جۆراو جۆر و هەمەچەشن بەردەوام دەبن لەپێناو داخوازییەکانیان. نیشانیاندا کە ئەگەر دەسەڵات بە خۆ کەڕ کردن و بە

بۆ لاپەڕە 3

## کوشتنی ٨ ژن لە مانگێکدا، نیشانەی بوونی دەسەڵاتێکی پیاو سالارو دژە ژنە و دەبێت بڕوات!



لە نێوان ٥ ی مانگی یەکەوە بۆ ٥ ی مانگی دوو، ٨ ژن لە ژێر سایەی دەسەڵاتی پیاوسالار و دژە ژنی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، بەهۆی ژن بوونیانەوە... کوژراون. ئەوە بەجیا لەو ژنانەی ناچار بە خۆ کوژی و خۆسوتاندن کراون یان لە دەزگا رەسمیەکان تۆمار نەکراون... وە بەجیا لەو توندوتیژیانەی بەچەندین شیواز لە ناو خێزان و قوتابخانە، شوێنی کار و کۆمەڵگە... لەدژی ژنان ئەنجام دراون. ناوی ئەم هەشت ژنەی لە ماوەی مانگێکدا کوژراون ئەمانەی خوارەوەن:

بۆ لاپەڕە 3

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- کوا پارە بۆ ئێمە................................................................ل4
- هەندێ تێبینی لەسەر فاشیزم.................................................ل4
- پرسی رۆژ سەبارەت بە پەیامی عەبدوڵا ئۆجەلان.................................ل5
- هەڵبژاردنی " بێگانە" بۆ دەرەوە...............................................ل6
- بنەچەی ڕۆژی جیهانی ژنان.......................................................ل7
- خەباتی چینایەتی و ئازادی ژنان...............................................ل9-10


## دۆسیەی ژمارە "ناڕەزایەتی و مانگرتنی مامۆستایان و فەرمانبەران و ئایندەی ئەم بزوتنەوەیە"

### هاوڕێ عەلی مەولود وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە

ل11-12-13




پرسی ڕۆژ ل5

گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8

## درێژەی وتەی ژمارە

فەرمانبەران تا نارەزایەتیەکانیان بگوازنەوە هەولێر و پەیامی خۆیان بگەیەنن، ئەزمونێکی تر بوو... ئەزموونێک کە ئەگەر ئەمجارە لە ڕێگای هێزو میلیشیاوە ڕیگەی لێ گیرا، بەڵام وەکو ئەلگۆیەکی نارەزایەتی خۆی نمایش کرد و هێندەی تر ناوەرۆکی پارتی و ترسی لە هێزی جەماوەری نیشاندا.

لە درێژەی هەر ئەم نارەزایەتی و مانگرتن و چادر هەڵدان و هەوڵ بۆ گواستنەوەی نارەزایەتییەکان بۆ زۆنی زەرد و داخستنی دوکان وبازار وەکو پشتیوانی... ئەمجارە بەشێک لە مامۆستایان و فەرمانبەران، خیمەیان بردە سەر ڕێگای عەربەت/ سلێمانی بۆ ڕیگەگرتن لە دزینی نەوت لە ڕێگای تانکەرەکانی حزب و کۆمپانیاکان... ئەم شێوازە لە خەبات، لە درێژەی شێوازەکانی تری تیکۆشاندا... ئەزمونێکی تر و پیشرەویەکی گەورەی لە هۆشیاری خەباتکارانەی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری نیشاندا. نیشانیدا کە بۆ ناچار کردنی دەسەڵات دەبێت، دەست بۆ شێوازی تر ببرێت، شێوازیک کە دەسەڵات تەکان و ئازاری بدات و کۆسپ بخاتە بەردەم دزی و تاڵانی و دەماری ئابوری بگرێت.

ئەم هەنگاوە بەجێی و کاریگەرە بۆ ڕێگری کردن لە تانکەرە نەوت دزەکانی دەسەڵات و کۆمپانیاکان... خێرا دەسەلاتی سیاسی توشی راچەنین کرد و بەخێرایی کەوتە خۆی تا ڕێگەی پلانگێری و سەرکوتەوە ڕیگە لەوە بگرێت، ئەم ئەزموونی نارەزایەتییە گورزی کاریگەر بوەشێنێت و دەسەڵات ناچار بەوە بکات وەڵام بداتەوە. بۆیە زۆر بە خیرایی لەلایەکەوە بەپیلانی دوبەرەکی نانەوە لە نێوان مامۆستایان و فەرمانبەرانی نارازی لەگەل شوفێرەکان و لەلایەکی تریش لە ڕێگای بەکارهێنانی هێزی ئاسایش و چەکدار و توندوتیژییەوە... نەخشەی پاشەکشەکردن بە نارەزایەتییەکانی دارشت و سەر ئەنجام توانی لە ڕێگای زەبر و زەنگ و سەرکوتەوە چادرەکە هەڵبگرێت و پاشەکشە بە مامۆستایان و فەرمانبەران، بکات. بەڵام ئەم توندوتیژی و ریگەگرتنە لە بزوتنەوەی نارەزایەتی و مامۆستایان و فەرمانبەران، بووە ئەزموونێکی تری بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری.

ئەزموونێک کە بەرهەمی تیکۆشانێکی بەردەوامە بەڕووی نادادی و ستەمێک کە دەسەڵاتێکی تاڵانچی بێباک بەرامبەر بە فەرمانبەران و موچەخۆرانی دەکات و ئامادە نییە مافی زۆر سادەی خۆیان کە موچەیە دابەش بکات.

ئەم ئەزموونە لە خەبات کە بەرهەمی خۆ هوشیاری و پێشرەوی رۆژ بەرۆژی بزوتنەوەی نارەزایەتییە، حاسڵی ئەو راستیەیە کە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم بە تەنها بەیاداشت نووسین، کۆبونەوە و مانگرتن و خۆپیشاندان و چادر هەڵدان و مانگرتن لە خواردن و خواردنەوە... لەجێگایەک و یان چەقی شارەکان و کەشی کۆمەڵگەدا، مل نادات و ئاستی گوشارەکە یەکلاکەرەوە نییە، ئازاری زۆر بە جەستەی دەسەڵات ناگەیەنێت... بۆیە گواستنەوە و بەرەو پیش بردنی ئەم خەباتەو بەدەستەوە گرتنی ئەزموونی تر، کە راستەوخۆ دەسەڵات و شادەمارەکانی دزی و تاڵانی و سەروەت کەڵەکردنی بگرێت، دەتوانێت دەسەڵات توشی شۆک بکات... ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی لە جێگایەک دەتوانێت ئەم شیوازە لە ڕێگای سەرکوت و فریوکارییەوە، خامۆش بکات، بەڵام مەحاڵە بتوانێت، کاریگەری ئەم ئەزموونەو گواستنەوەی بۆ جێگاکانی تر رابگرێت. خاڵە گومرگیەکانی و دەوازە سنوریەکان و ڕێگاکانی تری ڕێگای گواستنەوەی نەوت... تا دەگاتە گوێزانەوەی ئەم نارەزایەتیانە بۆ ناو گەرەک و کارگەو ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و راگرتنی کار تیایاندا و تەنانەت دەست بەسەرداگرتنی داهاتی ئەو کارگەو ناوەندانەی کە داهاتیان هەیە و دابەشکردنی لەکاتی خۆیدا لەلایەن کەسانی دڵسۆزی ئەو جێگایانە، ئەو ڕیگایەیە، کە دەسەڵات ناتوانێت خۆی لەبەرامبەریدا بگرێت... بەجیا لەوەی ئەم ئەلگۆیە دەستی دەسەڵات دەبەستێت، هاوکات ئیرادەی جەماوەری و توانای خودی جەماوەری ئەو شوێنانە نیشان دەدات.

دیارە لە هەر نارەزایەتیەکدا دەسەڵات نەخشە و پلان و کاردانەوەی هەیەو دەبێت. دەسەڵاتی سیاسی کۆمەڵگەی بێدەنگی دەوێت، کرێکار و کارمەندنی خامۆشی پێویستە، تا لە سایەییدا بەو جۆرەی دەیەوێت سەرمایە گوزاری بکات و قازانجی زۆرترو زۆتر، بخاتە باخەڵییەوە...

بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە بنەرەتدا، کاردانەوە و بەرگرییە لە ماف و داخوازی و ژیانێکی ئاسایی...

مامۆستایان و فەرمانبەران وەکو بەشیکی بەرینی کۆمەڵگە، ناچار بەوە کراون کە دەنگ هەڵبڕن و نارەزایەتی دەرببرن تا مافە زۆر سادەو سەرەتاییەکانیان لە گەروی دەسەڵات، دەربکێشن. لەو چوارچیوەیەدا بیدەنگەی دەسەڵات و شانی خاڵی کردنەوەی لە بەرپرسیاریەتی، ڕێگەی کردۆتەوە کە مامۆستایان و فەرمانبەران هەر جارەی بەشیوازێک بێنە مەیدان و ڕێگای تر بگرنە بەر و ئەزمون سەر ئەزمون بخەن...

هەردوو ئەزموونی ئەم دوایە... راکیشانی پشتیوانی کۆمەڵگەو داخستنی دوکان و بازار و بردنی چادر بۆسەر ڕێگای تانکەرە نەوت هەڵگرەکان... دوو ئەزموونی نوێ و پر دەستکەوتی بزوتنەوەی مامۆستایان و فەرمانبەران و نارەزایەتی جەماوەری لە کوردستانە، کە دەتوانێت لە درێژەی خۆیدا باڵانسی هیز بگۆڕێت و ئەزموونی تر بەدەستەوە بگرێت و بگوازێتەوە بۆ جێگا و شوێنەکانی تر... سەرکوت و فریوکاری ئەگەر بتوانێت بەشێوەی کاتی پاشەکشە بە نارەزایەتیەکان بکات، بەڵام ناتوانێت ڕیگەی لێ بگرێت و رەوتی روو لەپیشی بەربەست بکات...

لە دڵی ئەم ئەزموون و پیشرەویانەی بزوتنەوەی نارەزایەتی لە کوردستان و کاردانەوەی دڵرەقانەی دەسەڵاتدا، دەستبردن بۆ رێکخراوبوون و پیکهێنانی ریکخراوەی مامۆستایان، بەشەکانی تر کە فەرمانبەران کاری تیدا دەکەن، تا پیکهێنانی رێکخراوەی پیشەیی و هاوئاهەنگی نێوان ئەو رێکخراوانە لەگەڵ یەکتری، بۆتە پێداویستییەکی لە دواخستن نەهاتوو، پیویستە هەڵسوراوان و رابەرانی ئەم جوڵانەوانە بەزووی دەست بۆ پێکهێنانی رێکخراوەی خۆیان ببەن لە سەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش، بێ لەبەرچاوگرتنی ئینتیمای حزبی و سیاسی و دینی و...تاد.

سەرکەوتنی بزوتنەوەی نارەزایەتییە جەماوەریەکان لە کوردستان... بەر لەهەموو شت لە گرەوی رێکخراوبوون و هاوئاهەنگی و بەرچاو رۆشنی و زاڵبوونی ئاسۆیەکی شۆرشگێرانەیە بەسەر جوڵانەوە سیاسی و کۆمەلایەتیەکانیاندا.

**کۆتایی شوباتی ٢٠٢٥**

# له بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

- بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

- بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

- * درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

**هەردوو ئەزموونی ئەم دوایە... ڕاکیشانی پشتیوانی کۆمەڵگەو داخستنی دوکان و بازار و بردنی چادر بۆسەر ڕێگای تانکەرە نەوت هەڵگرەکان... دوو ئەزموونی نوێ و پڕ دەستکەوتی بزوتنەوەی مامۆستایان و فەرمانبەران و نارەزایەتی جەماوەری لە کوردستانە، کە دەتوانێت لە درێژەی خۆیدا باڵانسی هێز بگۆڕێت و ئەزموونی تر بەدەستەوە بگرێت و بگوازێتەوە بۆ جێگا و شوێنەکانی تر... سەرکوت و فریوکاری ئەگەر بتوانێت بەشێوەی کاتی پاشەکشە بە نارەزایەتیەکان بکات، بەڵام ناتوانێت ڕێگەی لێ بگرێت و ڕەوتی ڕوو لەپێشی بەربەست بکات...**

# درێژەی: سەرکوت و پیلانگێڕی ناتوانێت بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بەشکست بکێشێت!

چاونوقاندن و بە ویژدان سستکردن، دەیەوێت شانی خۆی لە وەڵامدانەوەی بەداخوازییەکانیان نیشان بدات، ئەوا ئەوانیش بەو ڕێگایانەی کە گوێچەیان هەراسان دەکات چاوی نوقاویان دەکاتەوە و ویژدانی مەیوویان خاو دەکاتەوە، ڕێگەی خەباتیان درێژە پێدەدەن و گوشارەکانیان زیاتر دەکەن.

مامۆستایان و فەرمانبەران بە کۆبونەوەو ڕێگەگرتن لە تانکەرە نەوتەکانی سەرانی حزب و کۆمپانیاکانیان، ئەو راستیەیان خستە روو، کە بەبێ گوشار هێنان و بۆ سەر بەرژەوەندیەکانیان و کۆمپانیاکانیان، را ناچەلەکێن و باکیان بە بێ موچەیی و نەبوونی نییە. دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد بەرگەی تەنها دوو ڕۆژ ڕێگەگرتنی تانکەرە نەوتیەکان و زیانی راگرتنیانی نەبوو. بۆیە دەزگا ئەمنی و جاسوسیەکانی خۆی خستە گەڕ و لەلایەکەوە لەڕێگای هەرەشەو سەرکوت و لەلایەکی تریشەوە لە ڕێگای پلانگیری و فریوکاری و دوبەرکی خستنە نێوان نارازیان و سایەقەکان و لە بنەرەتیشدا لە ڕێگای توندوتیژی و سەرکوتەوە توانی پاشەکشە بە کۆبونەوەکە بهێنێت و میدکار و چەندین ڕۆژنامەنووسیشی خستە بەردەم غەزەبی قازانج پەرستی خۆیەوە.

شوفێر و سایەق تانکەرەکان، کە ئەوانیش لەژێر زەبری کەمی کرێ و کاری تاقەتپروکێندا ناچار بە کار و گواستنەوەی نەوت و موشەتەقاتەکانی کراون... نەک هیچ کێبەرکیەکیان لەگەڵ مامۆستایان و فەرمانبەران نییە، بەڵکو وەکو ئەوان قوربانی چاوچنۆکی دەسەڵات و کۆمپانیاکانن. کەچی دەسەڵات و دەزگا ئەمنیەکان خەریکی هەڵخراندنی ئەوان و بەکارهێنانیان بوون لەدژی نارەزایەتی حەقخوازانەی مامۆستایان و فەرمانبەران... و لەوەش زیاتر ویستیان سەرکوتی نارەزایەتی مامۆستایان وەکو پاراستنی ئاسایش و بۆ بەرگرتن بە "ئاژاوە و ناکۆکی" نێوان نارازیان و شوڤێران، بخەنە روو.

هیزەکانی ئاسایش بەم رەفتار و پیلانە سەرکوتگەرانەیان، ماهیەتی دەسەڵاتی حزبە سۆشیال- دیموکراتەکەی!!ی زۆنی سەوزیان نیشاندا، کە ئامادەن بۆ بەرگری لە دزی و تالانی و بۆ خۆدزینەوەی لە خواستی زۆر سادەی مامۆستایان و فەرمانبەران... دەست پاریزی نەکەن و هەرچی لەدەستیان بێت بۆ کۆتاییهێنان بەو کۆبونەوە و نارەزایەتییە دەستی بۆ ببەن... سەر ئەنجام ئاسایش توانی پاشەکشەی کاتی بە مامۆستایان و فەرمانبەران لەسەر ڕێگای عەربەت- سلێمانی بکات... بەڵام چۆن دەتوانێت پاشەکشە بە دەیان هەزار مامۆستاو کارمەندان و سەدان هەزار هاوڵاتی کە پشتیوانی لێبڕاوانە لە نارەزایەتییەکان دەکەن، بکات.

سەرانی دەسەڵات و کۆمپانیاکان بەرگەی دوو ڕۆژ ڕیگری لە بەشێک لە تانکەرەکان و ڕێگایەکی ئەو تانکەرانە نەگرت، کەچی زیاتر لە دەهەیەکە کایە بە قوتی موچەخۆران و فەرمانبەرانیانەوە دەکەن. موچە دوادەخەن، لێ دەبڕن و پلە بەرزکردنەوە و دامەزراندنیان راگرتووە.

چ یەکێتی و چ پارتی وەکو دوو دەسەڵات لە دوو زۆنی هەرێم، دەبێ ئەو راستییە بزانن، هیچ سەکوت و پلانگێری و فریوکارییەک ناتوانێت، بەر بزوتنەوەی رەوای مامۆستایان و فەرمانبەران بگرێت، ئەگەر ڕێگاییەک دەگرن، دەیان ڕێگای تر دەگرنە بەر. ئەگەر لە جێگایەک بەسەرکوت پاشەکشە بە نارەزایەتیەک دەکەن، لە چەندین جێگای تر نارەزایەتی دەست پێدەکات. ئەگەر بە فریوکارییەک پاشەکشەیەک دەسەپینن، ئەوا هوشیاری چینایەتی پوچەڵی دەکاتەوە. سەر ئەنجام بزوتنەوەی نارەزایەتی مامۆستایان و فەرمانبەران ئێستا ریشەی لە کۆمەڵگەدا داکوتاوەو خاوەنی چەندین ئەزموون و پێشرەوییەو هیچ زەبر و زەنگ و فریوکاری و پلانێک، ناتوانێت رایبگرێت و خامۆشی بکاتەوە، تا بەسەرکەوتن نەگات.

# درێژەی: کوشتنی ٨ ژن لە مانگێکدا، نیشانەی بوونی دەسەڵاتێکی پیاو سالارو دژە ژنە و دەبێت بڕوات!

ژوان، تەمەن ٢٨ ساڵ، لەنیا، تەمەن ٣٤ ساڵ، تریفە، تەمەن ٤٢ ساڵ، روبار تەمەن ٣٥ ساڵ، خەندە تەمەن ١٦ ساڵ، مریەم تەمەن ٣١ ساڵ، ساکار تەمەن ٢٤ ساڵ، نور، تەمەن ١٨ ساڵ...




ئەم کوشتارەی ژنان لە ژێر سایەی دەسەڵاتی پیاوسالار و دژە ژنی بزوتنەوەی کوردیەتیدا، درێژکراوەی ئەو ژن کوشتنەیە کە حزبەکانی کوردایەتی لەیەکەم رۆژی گەڕانەوەیان بۆ ناو شارەکان لە ساڵی ١٩٩١دا، لە ژێر ناوی شەرەف یان بەناوی هاوکارانی بەعس، خەڵتانی خوێن کران. درێژکراوەی دەستخستە ناو دەستی هیزە ئیسلامیەکانە بۆ دژایەتی ژنان و مافەکانیان لەهەموو ئاست و زەمینەیەکدا... دەسەڵاتێک بە ژن کوشتن دەستی پێکردبێت، و فەرشی سوری بۆ ئیسلامیەکان راخستبێت، دەبێ چ چاوەروانیەکی لێ بکرێت، جگە لەوەی شانازی بە کوشتنی ژنانەوە بکات... لە ساڵی ١٩٩١ وە تا ئێستا، قێزەونترین کارنامەی بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی، لە پاڵ دەیان تاوانی تیرۆری سیاسی و تیرۆری نەیاران و دزی و تاڵانی و نۆکەرایەتییدا، تیرۆری ژنانە... تیرۆرێک کە هەموو رۆژەیە و کەم رۆژ هەیە ژنێک یان چەند ژنێک بە پاساو و بیانووی پوچ و بەتایبەتیش لە ژێر ناوی شەرەف پارێزیدا!!، چەقۆی پیاو سالاری گیانیان نەکێشێت. ئەوەی کە هۆکاری ئەم ژنکوژی و ئەو توندوتیژییە هەوسار پچراوەی پیاوسالاریەیە، بەپلەی یەکەم دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردە، دەسەڵاتێک کە لەلایەکەوە دینی لەگەڵ یاساو خوێندن و پەروەردە تیکەڵ کردووە، دەمەزەردی یاسا دژە ژنەکانی کردۆتەوە، فرە ژنی بەفەرمی ناسیوە. لەلایەکی تریشەوە تا ئێستا کوشتنی ژنانی وەکو کوشتنی دەست ئەنقەست تەماشا ناکات. زوربەی هەرە زۆری بکوژانی ژنان، دەستگیر ناکرێن. یانیش ئەگەر دەستگیر بکرێن لە مامەڵەی عەشایەری و حزبیدا، زوو ئازاد دەکرێن.

ئەم دۆخە و ئەو دۆزەخەی بۆ ژنان خوڵقێنراوە، بە جۆرێکە کە بە جیا لە تیرۆری جەستەیی کە زۆر بەر بڵاوە.. هاوکات کچەڵی سیکسی بە ژنان لە شوێنی کار و لە خێزاندا، تا دەگاتە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان و ناو کۆمەڵگە... لەوەش زیاتر تا دەگاتە خودی یاساکان خوڵقاندویانە... یاسای باری کەسێتی و سزادانی عێراقی کە لەکوردستان کاریان پیدەکرێت.. دەستی پیاو سالارانی ئاوەڵاکردووە کە بە گومانی خراپ!! یان بە پاساوی شەرەف و ژن کوژی بکەن... مادەی ٤١٣ یەکێک لەو مادانەی ڕیگەی بە کوشتنی ژنان دەدات لە ژێر ناوی پاککردنەوە شەرەفدا... ئەوە بەجیا لەوەی بەم دوایانە، حزبەکان و فراکسیۆنەکانیان لە پەرلەمانی عێراقدا و لە سات و سەودایەکی شەرم ئاوەردا، دەنگیان دا بە هەمواری یاسای باری کەسێتی کە هەم رەوایەتی یاسایی دەدات بە توندوتیژی لە دژی ژنان و منالان و هەم ریگەدەدات بە بەشودانی کچانی ٩ ساڵە، کە دەکاتە "ئازادی یاسایی" بۆ دەستدرێژی سیکسی بۆسەر منالان. هەموو ئەوانە دروستکەری ئەو ژینگەیەن بۆ کوشتار و تیرۆری ژنان و توندوتیژی... هەر ئەوەشە وای کردووە لە ژێر دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، گۆرستانی ژنانی بی ناو نیشان هەبێت... کە ئەوە بەڵگەی درندەیی دەسەڵات و پسولەی رەوایەتی بەخشینە بەهەر ئازادیخوازێک کە تا زووە کار بۆ راماڵینی ئەم دەسەڵاتە بکات.

**چ یەکێتی و چ پارتی وەکو دوو دەسەڵات لە دوو زۆنی هەرێم، دەبێ ئەو راستییە بزانن، هیچ سەکوت و پلانگێری و فریوکارییەک ناتوانێت، بەر بزوتنەوەی رەوای مامۆستایان و فەرمانبەران بگرێت، ئەگەر ڕێگاییەک دەگرن، دەیان ڕێگای تر دەگرنە بەر. ئەگەر لە جێگایەک بەسەرکوت پاشەکشە بە نارەزایەتیەک دەکەن، لە چەندین جێگای تر نارەزایەتی دەست پێدەکات. ئەگەر بە فریوکارییەک پاشەکشەیەک دەسەپینن، ئەوا هوشیاری چینایەتی پوچەڵی دەکاتەوە. سەر ئەنجام بزوتنەوەی نارەزایەتی مامۆستایان و فەرمانبەران ئێستا ریشەی لە کۆمەڵگەدا داکوتاوەو خاوەنی چەندین ئەزموون و پێشرەوییەو هیچ زەبر و زەنگ و فریوکاری و پلانێک، ناتوانێت رایبگرێت و خامۆشی بکاتەوە، تا بەسەرکەوتن نەگات....**

# گوا پارە بۆ ئێمە!؟



نووسینی: ریبوار یاسین فتاح


تۆ لەبەر ئەوەی باوکت مەسول بووە یان سەرکردە بووە یان دزو چەتەو رێگر بووە لە ژێر ناوی شۆڕشگێڕی! یان با بڵێین شۆڕشگێڕێکی زۆر پاکیش بووە! ئەمرۆ خۆتو براو ئامۆزاو پورزاو باپیرتو نەنکت و هەموو منداڵ و خزمەکانت موچەو کۆمپانیایان هەیە، لەسەر پارەی نەوت، باشە تۆیەکی دز بە دڵی خۆت ریزە تانکەر ئەودیو ئەکەیت بە قاچاخ بۆ بنەماڵەو سەگەکانی سەرۆک! شەرم لە خۆتان ناکەن لەسەر بوجەی گشتی عێراق و هەرێمیش موچەتان هەیە، جگە لەوەش دەیان کۆمپانیاو سەرمایەی دەرەکیتان هەیەدەیان میدیاو کلاش لە دەمتان هەیە! بە راستی گوناحە پێتان بوترێت دزا! دز زۆر شەریفترە!

شەوە تاکو بەیان خەو ناچێت چاوانم کە بیر ئەکەمەوە ئەوان بەدزی گەورە کران، خوێنی خەڵک ئەمژن کەچی لە مێژودا پێیان دەوترێت کەسانی سەرکەوتو بە منی رەنجدەرو تێکۆشەر کە کارێکم دەست ناکەوێت ئەڵێن فاشل! بە منی خوێندەوار و دڵسۆز ئەڵێن تۆ لێی نازانی، ئەوان بە دزی و بە ناوی شەهیدو خوێنی خەڵکەوە پێیان دەوترێت کوڕە شۆڕشگێڕ! ئەگەر منی گەنج بمەوێت رای خۆم دەربڕم خۆپیشاندان بکەم پێم دەڵاین تێکدەر، کەچی ئەوان بە ناوی ئەوەی باوکی دزیان شۆڕشگێڕ بووە پێیان دەوترێت سەرکردەو حاکمی وڵات، بە ئێمە دەوترێت خۆتان ئیش ناکەن پیاوی ئیش نین، خۆیان لە پیزاو دەرمانفرۆشی و قاچاخچێتی و جاشایەتی نەما بۆ وڵاتانی ئیقلیمی نەکەن هاتوونەتە سەر حازر لە بەردەم میللەتێکی مەڕ ئاسا!! بە مەیلی خۆیان بێ ئەوەی هیچ تایلێنتێکیان هەبێت بوونەتە جەلاد بە سەر ئەم وڵاتەوە، لەبەر ئەوەی چەکداری هەیەو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گەندەڵ پشگیری دەکات بێ هیچ بنەمایەک بە سەر بنەما بەرزەکانی ئێمەوە بوونەتە جەردەو شەوو رۆژ ئەوەی ناوی پارەو وزەی ئەم وڵاتە بێت بە هەدەری ئەدەن و ئەیدزن بۆ بنەماڵە عایلەکانیان، ئەمەیان ناوناوە حوکمداری و مێژووی پرشنگدار!

خود خۆم سەیری ئەو بەرپرسە دزانە ئەکەم و تەماشای پێڵاوەکانم دەکەم لەوان بەنرخترە!! لە ناخی خۆمدا ئەشکێمەوە چۆن دەبێت کەسێک بە قەد تاکێک پێڵاوی دڕاوی هەژارێک سودی بۆ ئەم وڵاتە نەبێت و بە سەر منەوە حاکو جەلادو بکوژی جەردە بێت؟ چۆن دەبێت سوپاو جەیشو جاشی هەبێت بۆ گیانی من تەنها لە پێناوی ئەوەی ئەو دز بێت و نەوتی وڵاتەکە بفرۆشێت و بیدزێو گیرفانی ئێمەش بەتاڵ بێت!

کام ئەمن و ملازم موحسینە وێرای زەوی و زاری ئەم وڵاتە داگیر بکات و دەستدرێژی بکاتە سەر ژنی وڵات بە ناوی کردن بە راوێژکارو، سوکایەتی بە مامۆستا بکات، کام رژێمە قێزەوەنە هێشیا نەگەیشتووە بەم رژێمە دیکتاتۆرەی سەرۆک سەگ و خوێنمژەکانی سەری بەتاڵی بۆگەناوی بە ناو کوردایەتی!

# هەندێ تێبینی لەسەر فاشیزم...



نووسینی: توانا حەمە نوری

فاشیزم ستراتیجێکە چینی دەسەڵاتدار بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتی سەرمایەداری لە سەردەمێکدا پەسەندی دەکات کە بەردەوامی دەسەڵاتەکەی لەسەر ئاستی جیهان، بۆ نمونە باڵادەستی ئەمریکای لەئیستادا، لەلایەن هێزێکی دەرەکی، وەکو چین، یاخود لەناو وڵاتدا لەلایەن چینی کرێکاری رێکخراو مەترسی لەسەرە.

فاشیزم بە کاردانەوەیەک بەرامبەر ڕاپەڕینە کۆمۆنیست و سۆشیالیستییەکان لە ئەوروپا دادەنرێت. فاشیزمی ئیتالیا کە بێنیتۆ مۆسۆلینی دایمەزراند و سەرکردایەتی دەکرد، دەسەڵاتی گرتە دەست دوای چەندین ساڵ لە نائارامی و خۆپیشاندان وایکرد زۆرێک لە کۆنەپەرستانی ناڕازی ترسیان هەبێت لەوەی شۆڕشێکی کۆمۆنیستی حەتمی بەڕێوەبێت.

فاشیزم ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی ئاڵۆز و گۆڕاوە کە لە ساڵانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ لە ئەوروپا سەریهەڵدا. بەدناوترین نموونەی ڕژێمە فاشیستەکان بریتی بوون لە پارتی فاشیستی نیشتمانی لە ئیتالیا لە ئیتالیا لە ساڵی ١٩٢٢ تا ١٩٤٣ لەلایەن بێنیتۆ مۆسۆلینی و پارتی کرێکارانی ئەڵمانی سۆسیالیستی نەتەوەیی (پارتی نازی) لە ساڵی ١٩٣٣ تا ١٩٤٥ لەلایەن ئەدۆلف هیتلەرەوە. پێناسەی فاشیزم زۆرن. هەندێک بە کۆمەڵێک کردەی سیاسی، فەلسەفەیەکی سیاسی، یان بزووتنەوەیەکی جەماوەری وەسفی دەکەن. زۆربەی پێناسەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە فاشیزم پاوانخوازە و بە هەر نرخێک بێت ناسیۆنالیزم بەرەوپێش دەبات و بە هاندانی هەستی ناسیۆنالیستی لە کۆمەڵگەدا دەسەڵات بەدەست دەهێنێت.

لە دوای شکستی سەربازی و سیاسی هەمەلایەنەی ئەڵمانیای نازی و ئیتالیا فاشیست لە جەنگی جیهانی دووەمدا، کەم کەس یان گرووپێک بوێری ئەوەیان هەبووە خۆیان بە فاشیست ناوببەن.

ئێستا وشەکە بەگشتی وەک زاراوەیەکی سووکایەتیپێکردن دەبیسترێت کە بۆ تاکەکان (یان ڕێکخراوەکان، یان حکومەتەکان) لەگەڵ ڕاستڕەوی توندڕەودا بەکاردەهێنرێت.

هەندێک جار وەک زاراوەیەکی سووکایەتیکردن بەکاردەهێنرێت، سووکایەتیکردن بە کەسێک یان بۆ جەختکردنەوە لەسەر خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات.

فاشیزم سیستەمێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی جیاواز نییە، وەک سەرمایەداری یان سۆشیالیزم.

ئەمە بەو مانایە نییە کە هەندێک لە ئەندامانی چینی دەسەڵاتدار بە ئاگاداری و بە ئەنقەست بڕیاری دامەزراندنی فاشیزم بدەن. سەرەتا ڕێکخراوە فاشیستەکان بچووک و پەراوێزخراون و لایەنگرانیان بە شێوەیەکی بەرفراوان گاڵتەیان پێدەکرێ. بەڵام ئەوان لەوێدان بۆ ئەوەی بەکاربهێنرێن کاتێک چینی دەسەڵاتدار پێویستی بە ستراتیجییەکی نوێ بوو.

کاتێک بێنیتۆ مۆسۆلینی و ئەدۆلف هیتلەر لە دەسەڵاتدا بوون هەڵسوکەوت و کردەوەکانیان خزمەتی بە بەرژەوەندی سەرمایەداری دەکرد. فاشیزم وەک ئایدۆلۆژیایەک وەک وەڵامێک بۆ سەرمایەداری لە قەیراندا و بۆ تەحەدای بیرۆکە سۆشیالیستیەکان سەریهەڵدا، بەتایبەتی دوای ئەوەی شۆڕشی بەلشەفیکی ساڵی ١٩١٧ بۆ یەکەمجار ئەگەری حکومەتی کرێکاری نیشان دا.

هەندێک دەڵێن فاشیزم نوێنەرایەتی "قۆناغی کۆتایی" سەرمایەداری دەکات ئەگەر سۆشیالیزم جێگەی نەگرێتەوە. هەرچەندە مێژوونووسی دیار و مارکسیستی ئێریک هۆبسباوم ئەو تێزە ڕەتدەکاتەوە کە فاشیزم دەربڕینی پێویستی سەرمایەداری قۆرخکارییە.

کاتێکە دەوڵەتی سەرمایەداری لە ژێر هەڕەشەی بیرۆکە و سیاسەتە سۆشیالیستییەکاندایە — لە ئیتاڵیای ساڵی ١٩١٩، پورتوگال لە ساڵی ١٩٢٦، ئیسپانیا لە ساڵی ١٩٣٦، ئەرجەنتین لە ساڵی ١٩٤٦، یۆنان لە ساڵی ١٩٦٧، شیلی لە ساڵی ١٩٧٣ - چینی دەسەڵاتدار ئامادەن دەستبەرداری هەندێک لە ئیمتیازاتەکانیان بن بۆ ئەوەی مانەوەیان مسۆگەر بێت و فاشیزم دێتە پێشەوە.

وە، کاتێک ئەمە دەکات، بەگشتی هەوڵدەدات پشتیوانی چینی کرێکار لە ڕێگەی سیاسەت یان دروشمی پۆپۆلیستییەوە دەستەبەر بکات کە بۆ سەرنجڕاکێشانی "گەل" داڕێژراون، زۆرجار خۆی وەک تەحەدای دەسەڵاتی نوخبە ئیمتیازدارەکان دەخاتە ڕوو.

ئامانجی فاشیزم پاراستنی سیستمی سەرمایەدارییە لە کاتێکدا حوکمڕانی بە ڕێگەی تەقلیدی مومکین نییە. حکومەتی فاشیستی هەموو ماف و ئازادییە دیموکراسیەکانی وڵات لەناو دەبات. ئەمەش بەو مانایەیە کە هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە بۆچوونی خۆی دەرببڕێت.

فاشیزمی تەقلیدی لە قۆناغێکی ململانێی چڕ و پڕی چینایەتی لە نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازیدا سەرهەڵدەدات، کاتێک بۆرژوازی توانای پاراستنی دەسەڵاتی خۆی لە ڕێگەی پەرلەمانەوە نەماوە و هەر بۆیەش لەم قۆناغەدا فاشیستەکان دێنە پێشەوە و پەنا بۆ ستەمکاری و تیرۆر، سەرکوتکردنی خوێناوی بزووتنەوەی کرێکاری و هەر بزووتنەوەیەکی دیموکراسی دەبەن.

بۆپێشەوە
FORWARD

پرسی ڕۆژگۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

# پرسی ڕۆژ

## دەربارەی پەیامی عەبدوڵا ئۆجەلان...

### هاوڕێ سەردار عەبدوڵا حەمە وەڵامی داوەتەوە



پرسی ڕۆژ: پەیامی عەبدوڵا ئۆجەلان ولێکدانەوەکان.

ماوەی ٢٦ ساڵە عەبدوڵا ئۆجەلان (ئاپۆ) سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان( پکک)، دوای ئەوەی لەپلانێکی تیرۆریستی نێودەوڵەتی دەستگیرکرا، و لەزیندانی ئەمیراڵ زیندانیکراوە. لەنێوجەرگەی ئاڵوگۆڕە سیاسی وئابوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پرسی گەرمی ڕەوای کورد لەناوچەکە بۆجارێکی تر هێندراوەتەوە سەر ئاستی ناوچەیی وجیهانی وتورکیا ناچارکراوە دەرگایەکی گفتوگۆبکاتەوە بۆئەو پرسە. پکک وەک کاراکتەری سەرەکی وعەبدوڵا ئۆجەلان وەک ڕێبەری ئەو حزبە، قسە وپەیامەکانی بەیەکلاکەرەوە دادەندرێت. بۆیە ئەمرۆ ی٢٧ شوبات ٢٠٢٥ لەئەستەنبوڵ پەیامێکیان بڵاوکردەوە بەهەردووزمانی کوردی وتورکی. ناوەرۆکی پەیامەکە لێکدانەوەی جۆروجۆری بۆدەکرێت. بۆیە ئەم پرسیارەمان ئاراستەی بەڕێز (سەردار عەبدوڵا) هەڵسوڕاوی کۆمۆنیستی کرێکاری کرد:

کاریگەرییە سیاسی ولێکەوتە سیاسییەکانی پشتی پەیامەکە چۆن هەڵدەسەنگێنن بۆ تورکیا ودۆزی کورد وناوچەکە وخودی پکک؟

بەڕێز( سەردار عەبدوڵا حەمە) وەڵامی ئەم پرسەی بەمشێوەیە دایەوە؛



لە ڕاستیدا پەیامەکەی ئۆجەلان ئەوەندەی ڕووی لە چەک داماڵینی پکک، و هەڵوشاوەنەوەیەتی، ئەوەندە ڕووی لە چارەسەری کێشەی کورد نییە. بۆ نموونە دیاری نەکردووە کە کێشەی کورد لە تورکیا چۆن چارەسەر دەکرێ؟ و ڕێگای گونجاو چییە لەو بوارەدا؟
هۆکاری چەک داماڵین و هەڵوەشانەوەی پکک لە لای ئۆجەلان ئەوەیە؛ کە زەمینەی نەماوە چونکە پکک لە کاتێکدا دروستبوو کە بلۆکی سۆشیالیستی هەبوو، وە لە ژێر کاریگەری ئەودا بووە. بەڵام کە ئەو بلۆکە نەماو هەڵوەشایەوە، ئیتر پکک ناکرێ هەر خۆی دووبارە بکاتەوە لەسەر هەمان ڕێچکە. بەڵام لای من ئەو پرسیارە هەیە؛ کوا پکک لەسەر ڕێچکەی سۆشیالیستی باوی ئەو سەردەمەش مابوو؟ ئەوان دەمێکە وازیان لە فیکری مارکسی وسۆشیالیستی هێنابوو. ئەوان ئیتر لەسەر ڕێبازەکەی گەورە ئەنارشیستی ئەمەریکی (بوکچینی) درێژەیان بەفیکروپراکتیک دەدات. بۆیە ناکرێ ئەوە فاکتەر بێت بۆ هەڵوەشانەوەی پکک.
لە پەیامەکەدا هەژمونی دەوڵەتی فاشیستی تورکیا زاڵە، بە تایبەت دەوڵەت باخچەلی وئۆردوغان؛ کەدیارە ئەمانەش چەندە شۆڤینی و فاشیستن، چونکە ئۆجەلان لە بەرانبەر چەک داماڵینی پکک و هەڵوەشاندنەوەی هیچ مەرجێکی دانەناوە! بۆ نموونە؛ ئازادکردنی خۆی وسەرجەم زیندانییە سیاسیەکان ناکاتە پێشمەرجێ!.
کاتی خۆی (نیلسۆن ماندیلا) سەرۆکی کۆنگرەی ئازادی باشووری ئەفریقا؛ لە زیندانەوە داوای لێکرا توندوتیژی ڕەش پێستەکان ڕاگرێ، بەڵام ئەوە بوو مەرجی ئازادکردنی خۆی و زیندانیەکانی هاوڕێی دانا. بەڵام لانیکەم خۆیان لە زیندان هێنایە دەرەوە، هەرچەندە ئازادی تەواوی نەبوو، بەڵام مەرجەکەی خۆی سەپاند. هەروەها لە ساڵی ١٩٩٣ لە ئۆسلۆ لە نێوان یاسر عەرەفات و یێم وابێ مەناحم بیگنی سەرۆکی ئیسرائیلی ئەوکاتە، کۆنگرەی ئاشتی بەسترا یاسر عەرەفات مەرجی دوو دەوڵەتی فەلەستین و ئیسرائیلی سەپاند، بەڵام ئیسرائیل تا ئێستایش جێبەجێی ناکا.
مەبەستم ئەوەیە پەیامەکەی ئۆجەلان زیاتر داواکەی باخچەلی وئوردوغانە، بەبێ مەرج پکک چەکدابنێ، و کۆتایی بە تیرۆر بێنێ. ئەگەر لە پەیامەکە ورد بینەوە؛ تەنها پکک ناگرێتەوە، بەڵکو هەسەدەش دەگرێتەوە،
چونکە داوای چەک دانان لەهەموو گروپەکان دەکات .
پەیامی ئۆجەلان جگە لەوەی لەژێر فشارە ناوخۆیەکانی تورکیایە، لە ژێر فشارەجیهانی وئەقلیمیەکانیشە کە جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی خستوەتە بەردەم ئاڵوگۆڕێکی نوێوە، کەسەرمایەداری پێویستی بە ناوچەیەکی ئارامە بۆ سەرمایەگوزاری ناوچەیەک، بە بێ حەماس و حزب الله، حەشدی شەعبی و حوسیەکان و پکک و هەسەدە کە ئێستا ئەمانە گرفتی سەرەکین بۆ سەرمایەگوزاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.
لایەنێکی تری ئەم پەیامە وازهێنانی پکک و ئۆجەلانە لەو سیستەمەی بەڕێوەبەری خۆسەری و کۆمۆنییە کە لە دوای وازهێنانیان لە چەپ دەستیان بۆ بردبوو، چونکە دەبێ پکک هەڵوەشێتەوە، واتە سیستەمەکەش هەڵوەشێتەوە، و ناچار بچنە ژێر سیستەمی پەرلەمانی تورکیاوە، کە خۆی بەدیموکراسی پەرلەمانی و فرەنەتەوەیی دەناسێنێ .
بە ڕای من ئۆجەلان بەم پەیامەی ئۆتۆریتەی خۆی کەم دەکاتەوە کە بەئۆتۆریتەترین ڕابەری ناسیۆنالیستی کورد بووە تا ئێستا. نەک لەبەر ئەوەی داوای کۆتاییهاتنی پکک و چەکداماڵینی دەکات، بەڵکو لەبەر ئەوەی پارسەنگی پەیامەکە زیاتر بەلای حکومەتی فاشیستی تورکیا ئەشکێنێتەوە. ئیتر نازانم پکک ئەمە قبوڵ دەکات یا نا؟
چونکە لەهەفتەی ڕابووردوو قەیرەلان سەرۆکی پکک لە قەندیلەوە، لە ڤیدیۆیەکدا ڕایگەیاند، ئەگەر پەیامەکەی ئۆجەلان لەدەمی خۆی بە ڤیدیۆ نەگەیەنرێ ئەوان قبوڵی ناکەن. من وەک خۆم هیچ کات باوەڕم بەم جۆرە بزووتنەوە چەکداریانە نەبووە و نییە، و باوەڕیشم بە هیچ جۆرە ناسیۆنالیزمێک نییە کە کێشەی کورد چارەسەر بکات. لە کاتی قازی محمد وکاژێک وحیزبی دیموکرات وپارتی ویەکێتییەوە بگرە تا پکک ش، دواجار هەردەبێ سازش بکەن لەگەڵ دەوڵەتە مەرکەزیەکان، و کێشەی خەڵکی کوردستانیش بێچارەسەری ڕیشەیی دەمێنێتەوە!
بۆ چارەسەری ڕیشەیی ئەم کێشەیە تەنها کۆمۆنیزمەکەی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکارییە.

# هەڵبژاردنی "بێگانە" بۆ دەرەوە...

## نووسینی: مێرۆ عەبدولکەریم



" گەرچی بێگانە بۆ دەرەوە دروشمێکە تەنیا ڕاسترەوە پەڕگیر و نیۆ نازیەکان و پارتی بەدیلی ئەڵمانیا (ئائێف دێ) بەکاری دەهێنن، بەڵام ناوەڕۆکی ئەم دروشمە بوەتە ئەجێندای هەمو ئەو پارتانەی کە چاوەڕێی ئەوەیان لێ دەکرا بەربەستی ٥٪ بشکێنن و بچنە پەرلەمان. تاکە حیزبێک کە دژی ئەم ڕەوتە وەستایەوە پارتی چەپ (دی لینکە) بو. هەمو حیزبەکان وەک نیۆنازی و ئا ئێف دێ هاوار ناکەن بێگانە بۆ دەرەوە! زۆربەیان دەڵێن با "لێشاوی پەنابەری" ڕاگرین و سنورەکان توندوتۆڵ کەینەوە! داوای - توندکردنەوەی یاساکانی پەنابەری، دیسپلین کردن و ئاقڵ کردنی پەنابەران، بەکارهێنانی زیاتری پۆلیس و دەزگای سیخوڕی و ئامێری چاودێری بۆ سنورداشکردنەوە، پاراستنی سنور و ناسینەوەی "بێگانە و پەنابەرە تاوانکارەکان" دەکەن. پێشبڕکێی توندکردنەوەی یاساکانی پەنابەری لە ٢٠١٦ وە دەستی پێکرد، یونیۆن: حیزبەکەی مێرکل کە وەک دایکی میهرەبانی پەنابەران دەناسێنرا، ئەندازیاری ڕێکەوتن لەگەڵ تورکیا بو، ئەم ڕێکەوتنە سەدان هەزار کەسی لە مافی پەنابەری بێبەشکرد و بناغەی سیاسەتی ئاخنینی پەنابەرانی لە کامپە سنوری و زۆرەملیەکانی تێدا داڕێژرا. ئورسولا فۆن دەر لاین لەهەمان پارتی یونیۆن ٢٠٢٠ بەرنامەیەکی بۆ دروستکردنی کەمپی کۆکردنەوەی پەنابەران لەسەر سنورەکانی ئەوروپا و گرتنەبەری ڕێکاری خێرا بۆ وەرگرتنیان یان ناردنەوەیان خستەڕو، کە پاش چەندین مشتومڕ و بگرە و بەردە ٢٠٢٣ کۆدەنگی هەمو هێزە لیبراڵ و ڕاسترەو و موحافیزکارەکانی یەکیەتی ئەوروپای بەدوی خۆیدا هێنا. پەرلەمانی ئەوروپاش ٢٠٢٤ ڕیفۆرمی(توندکردنەوە) ی یاساکانی پەنابەری قبوڵ کرد. هەرسێ حیزبی سەوز، پارتی سۆسیال دیموکرات و پارتی دیموکراتە ئازادەکان (ئێف دێ پێ) یش لە چوار ساڵی ڕابردودا بەشداری چالاک بون لە هەڵمەتی دژە پەنابەریدا؛ ئۆلاف شۆلز ڕاوێژکاری پێشو لە پارتی سۆسیال دیموکرات لە شەڕە بەقی تەلەفزیۆنیی لەگەل فریدریش مێرز ڕاوێژکاری داهاتو شانازی بەوەوە دەکرد کە حکومەتەکەی زۆرترین پەنابەری ناردوەتەوە و سنورداشی کردون. تەنیا ٢٠٢٤ چل هەزار کەس بەزۆر لە ئەڵمانیا دەرکراون. حیزبی سەوز بە پێشکەشکردنی بەرنامەی ١٠ خاڵی بۆ توندکردنەوەی یاسای پەنابەری، یونیۆن (یەکیەتی دیموکراتی مەسیحی- یەکیەتی سۆسیال مەسیحی) بە بەرنامەی ٥ خاڵی و ٢٧ خاڵی کێبەرکێیان لەگەڵ پلانی ٨٨ خاڵیی ئائێف دێ دەکرد بۆ خۆنیشاندان وەک خەمخۆری وڵات و پارێزەری نەتەوە لە هەڕەشەی "پەنابەریی لە سنوردەرچو". هەروەک گرتنە بەری چەندین ڕێکاری نامرۆیانە وەک پێدانی کارتی مانگانە بە پەنابەران لەبری پارە، کەمکردنەوەی خەرج بۆ تێچووی نەخۆشی پەنابەران و کەمکردنەوەی یارمەتییە کۆمەڵاتییەکان لەسەردەستی ئەم حیزبانە. لەناو حیزبی چەپدا ٢٠٢٣ پێڕێک خۆیان جیاکردەوە و دوای سارا واگنکنێشت کەوتن. سارا واگنکنێشت چونکە بکوژ و ببڕی تاقمە تازەکەی هەر خۆی بو، تەواوی بەرنامە و ستراتیج خۆی و مێردەکەی دایان دەنا، بۆیە حیزبە تازەکەشی هەر بەناوی خۆیەوە ناونا. ئەم پێڕە لە سیاسەتی پەنابەریدا جیاوازیەکی وایان لەگەڵ ئا ئێف دێی ڕاسترەو نەبو، تەنیا ئەوەنەبێت کە شەفاعەتیان بۆ پەنابەری هۆگر و ئاقڵ و ئامێتەبو دەکرد و دەیانوت با ئەوان نەنێرینەوە. ئەم تاقمە بۆ خۆ جیاکردنەوەیان لە حیزبی چەپ و کاوێژکردنەوەی گوتاری ڕاسترەوی ئەو ئومێدەیان هەبو کە دەنگدەران لە ئائێف دێ بتەکێننەوە، فریدریش مێرز لە یۆنیۆن هەڵمەتێکی ڕەگەزپەرستانەی بەرامبەر بە پەنابەر دەستپێکرد، بە ئومێدی ئەوەی دەنگەکانی ئا ئێف دێ ببات بۆ خۆی. مێرز لە نیۆنازیەکان خراپتر درۆ و دەلەسەی سەبارەت بە پەنابەر بڵاودەکردەوە و ڕێکار و یاساگەلێکی بۆ گەلاڵەکردن دەخستە ڕو کە ئا ئێف دێ خەونی پێوە دەدی. ئەو تەنانەت بۆ جێبەجێکردنی ئەجێندای دژە پەنابەری ئامادەبو تابو و بقەی سیاسی لە ئەڵمانیا بشکێنێت و دەنگی ئائێف دێ بۆ بەرنامە ڕەگەزپەرستیەکەی قبوڵ کات. ئێف دێ پێ، کە پارتێکی نیۆلیبراڵی عەیارە ٢٤ ە و باوەڕی بە فەندەمینتالیزمی بازاڕ هەیە بە هەمان شێوە داوای دەکرد یاسای پەنابەری کۆنترۆڵ بکرێت و ڕێکبخرێت بۆ ئەوەی کەسانی هەڵە (مەبەست ئا ئێف دێیە) هەڵنەستن بەم کارە. ئەم قوماربازانە هەمو دۆڕان و مایەپوچی خۆیان دەرخست. پێڕی واگنکنێشت و ئێف دێ پێ بە خۆشحاڵیەوە هەڵبژاردنیان دۆڕاند و ناگەنە پەرلەمان. یونیۆن و فریدریش مێرز هەرچەند یەکەم بون، بەڵام سیاسەتی پەنابەریان نەک هیوای مێرزی نەهینایە دی بەڵکو بەشێکی بەرچاوی دەنگدەرانی یونیۆن، هەر لەبەر هەمان سیاسەت، ڕویان لە ئا ئێف دێ کرد (ئەوەی کە یونیۆنی بە بەهێزی هێشتەوە ئەوەیە کە دەنگێکی بەرچاوی لە دۆڕاوی سەرەکی ئەم هەلبژاردنە، پارتی سۆسیال دیموکراتەوە بۆ چوە). هەر پارتێک سیاسەتی ڕاسترەوی بگرێتەبەر تەنیا ڕاسترەوی و ڕەگەزپەرستی بەهێز دەکات، نەک پێچەوانەکەی. گەر قەرار بێت سەرچاوەی هەمو نەهامەتییەکان پەنابەر بێت، ئەوا لۆجیکیە کە دەنگدەرێک باوەڕی بەم حەقایەتە هێنابێت ڕاستەوخۆ ئەو حیزبە هەڵبژێرێت کە لە هەموان توندترە بەرامبەر بە پەنابەر و "نا ئەڵمان"، نەک بە دەستی دوو، نەک لە ڕێی وەکیلە بۆرجوازیەکانی فاشیزمەوە. بە کورتی هەڵمەتی هاندانانی دژە پەنابەران، تۆقاندنی خەڵک لە پەنابەران و هەڵای میدیایی تەنیا خزمەتی بە ئا ئێف دێ کرد و دەنگی ڕاسترەوە پەڕگیر و فاشیەکانی دو هێندە کرد و کردنی بە خاوەنی ١٥٢ کورسی لە پەرلەمانی نوێدا. جگە لە بون بە یەکەمی بێ ڕکابەر لە گەلێک بازنەی هەڵبژاردندا. بەکارهێنانی ڕیتۆریکی ڕاسترەوەکان نەک نەبوە هۆی کەمبونەوەی دەنگی ئائێف دێ، بەڵکو بوە هۆی زیاتر و زیاتر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، بوە هۆی لە مرۆڤایەتی دارنین و دێواندنی بەشێکی جیانەکراوەی کۆمەڵگەی ئەڵمانی و ئەوانەشی کە ئومێدیان بە پێکهێنانی ژیانێکی نوێ لەم وڵاتەدا هەبو. هەروەک دەرفەتێکی نوێی بۆ دەوڵەتی ئەڵمانیا ڕەخساندوە ئەم ڕێکارانە فراوانتر بکات و لەداهاتودا بیسەپێنێت بەسەر گروپە نەخوازراوەکانی دیکە لە چاوی دەوڵەتەوە، وەک بێ سەرپەناکان، وەرگرانی یارمەتی کۆمەڵایەتی، چالاکوانانی ڕادیکاڵی ژینگەو ئەندامانی پارتە کۆمۆنیستەکان. دەوڵەتی ئەڵمانیا لە ڕێگەی گۆڕینی یاسای پەنابەرییەوە وردە وردە دەیەوێت وڵات لە حوکمێکی دەستوریەوە بگۆڕێت بە وڵاتێک کە بە یاسای تەواری حوکم بکرێت. سەرەڕای ئەمانەش یونیۆن وەک براوەی هەڵبژاردن نایەوێت لەگەڵ ئا ئێف دێ حکومەت دروست کات، پێش هەڵبژاردن کاتێک فریدریش مێرز دەنگ و پشتیوانی ئا ئێف دێی قبوڵکرد لە سیاسەتی دژە پەنابەری، شەپۆلێکی گەورەی ناڕەزایی لە ئەڵمانیا بەدوای خۆیدا هێنا. مێرز و یونیۆن تاوانبارکران کە دەیانەوێت دەست بۆ بقەی سیاسی ببەن و دیواری ئاگربڕ بشکێنن. هەرچۆنێک بێت هێشتاش بەشێکی زۆری خەڵک لە سیاسەتی ڕەگەزپەرست و فاشیانەی ئا ئێف دێ سڵ دەکەنەوە و ئەوان بە میراتگری نازیەکان دەزانن. لە کاتێکدا گەر دو حیزبی کۆنزەرڤاتیف و لیبراڵ هەمان سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە جێبەجێکەن ئەوا نەک ئەو هەڵایە دروست نابێت لە شەقامی ئەڵمانیدا، بگرە زۆر جار هەر بە بێدەنگی تێپەردەبێت. بۆیە هەم یەکیەتی و هەم حیزبە لیبراڵەکانی تر پێویستیان بەم ئاگربڕە درۆینیە هەیە تا لە دەنگدەران و هاوڵاتیانی وڵاتەکەیان وا تێبگەیەنن کە ئەوان هێشتا حیزبی کۆنزەرڤاتیف و لیبراڵن، سەر بە نەریتی چەپ یان ناوەڕاستن و هیچ هاوبەشیەکیان لەگەڵ ڕاسترەوەکان نییە. تا وەکو بتوانن بە خشکەیی و بێدەنگی هەمان بەرنامەی فاشیانە جێبەجێ بکەن کە ئائێف دێ داوای دەکات. ئێستا کە سەرمایەی ئەڵمانی پێویستی بە ڕژێمیکی دڕندەتر هەیە تا بتوانێت بەرژەوەندیەکانی لەبازاڕی کێبەرکێی کەمەرشکێن و لاوازکوژدا بپارێزێت، دەوڵەتی ئەڵمانیاش بۆ دروستکردنی پەیوەستی کۆمەڵایەتی لە پشتی سەرمایەوە، بۆ کردنەوەی کۆمەڵگە بە سەربازگە و فراوانکردنی دەسەڵاتی سەرکوتگەری دەوڵەت، بۆ دروستکردنی دەوڵەتی پۆلیسی، پێویستی بە دروستکردنی دوژمن و هەڕەشەی خەیاڵیە، پێویستی بە حەکایەتێکی نەتەوەپەرستانەیە، پێویستی بە پەنابەرە وەک کۆنسترەکتێک بۆ زەقکردنەوەی ناسنامەی ئەڵمانی و جیاکردنەوەی لە نائەڵمانەکان، تا دانیشتوان و هاوڵاتیان خاوەندارێتی تایبەت نەخەنە ژێر پرسیارەوە، لە قڵشتی کۆمەڵایەتی و دەوڵەمەندبونی کەمینەیەک و هەژاری ملیۆنان هاوڵاتی نەپرسن، لە کەمکردنەوەی یارمەتیە کۆمەڵایەتیەکان و بە تایبەتکردن و کاڵاکردنی تەندروستی بۆ لاپەڕە 14

# بنەچەی ڕۆژی جیهانی ژنان (IWD)

نووسینی: توانا حەمە نوری

دوای زیاتر لە ۱۰۰ ساڵ، ڕۆژی جیهانی ژنان ملیۆنان کەس ڕادەکێشێت بۆ یادکردنەوەی ئەو پێشکەوتنانەی لە مافەکانی مرۆڤدا بەدەست هاتوون و تاوتوێکردنی ئەو تەحەددیانەی کە ژنان بەردەوام لە سیاسەت، پەروەردە، دامەزراندن و بوارەکانی دیکەی ژیانی ڕۆژانەدا ڕووبەڕووی دەبنەوە. بەڵام جێگەی داخە کە سەرچاوەکەی بە شێوەیەکی بەرفراوانتر نازانرێت .پاڵنەرەکانی IWDاله دوو سەرچاوەوە هاتبوو: خەباتی ژنانی چینی کرێکار بۆ پێکهێنانی سەندیکای کرێکاری وە هەروەها خەباتکردن بۆ مافی ژنان. ئەم دوو بابەتە ژنانی ئەورووپییان لەگەڵ ژنانی ئەمریکا یەکخست.

بنچینەی ئەم ڕۆژە دەگەڕێتەوە بۆ ٨ی ئازاری ١٨٥٧، کاتێک کرێکارانی جلوبەرگ لە شاری نیویۆرک ڕێپێوانێکی نارەزایەتییان بەرامبەر بە بارودۆخی کارکردنی نامرۆڤانە و کەمی مووچە ئەنجامدا. پۆلیس هێرشی کردە سەر خۆپیشاندەران و بڵاوەی پێکردن، بەڵام بزووتنەوەکە بەردەوام بوو وە بووە هۆی دروستکردنی یەکەم سەندیکای کرێکاری ژنان.لە ٨ی ئازاری ١٩٠٨، ١٥ هەزار ژن لە شاری نیویۆرک ڕێپێوانیان کرد بۆ بەدەستهێنانی کاتژمێری کارکردنی کورتتر، مووچەی باشتر، مافی دەنگدان، سەندیکای تایبەت و کۆتاییهێنان بە کاری منداڵان. دروشمی "نان و گوڵ" سەریهەڵدا، نان هێمای ئاسایشی ئابووری و گوڵیش بۆ باشتربوونی ئاستی ژیان. لە ساڵی دواتردا بووە هۆی ڕێپێوانی ٣٠ هەزار کرێکاری جلوبەرگ، لە ئەنجامدا یەکەم سەندیکای کرێکاری بۆ ژنانی کرێکار لە ئەمریکا دروست بوو. لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٠٨، پارتی سۆسیالیستی ئەمریکا ڕایگەیاند کە دوا یەکشەممەی مانگی شوبات ڕۆژی نیشتمانی ژنانە. یەکەم ڕۆژی نیشتمانی ژنان لە ٢٨ی شوباتی ١٩٠٩ لە ئەمریکا بەڕێوەچوو.لەم نێوەندەدا هەواڵی شەڕی قارەمانانەی ژنانی کرێکاری ئەمریکا گەیشتە ئەورووپا – بە تایبەتی ئیلهامبەخش بوو بۆ ژنانی سۆسیالیستی ئەورووپی کە لەسەر دەستپێشخەری سۆسیالیستی ئەڵمانی، کلارا زێتکین (١٨٥٧-١٩٣٣)، کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ژنانی سۆسیالیستی دامەزرا. ئەم دەزگایە دوایی بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٠٧ لە شتوتگارت شانبەشانی یەکێک لە کۆنفرانسە خولییەکانی دووەمی نێودەوڵەتی (١٨٨٩-١٩١٤) کۆبووەوە. سێ ساڵ دواتر لە ساڵی ١٩١٠ ڕۆژی جیهانی ژنان (ئەوکات ڕۆژی جیهانی ژنانی کرێکار) لە میانی کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ژنانی کرێکار لە کۆپنهاگن لە دانیمارک ناسێندرا. کلارا زێتکین، سۆسیالیستی ئەڵمانی، پێشنیاری جەژنێکی بۆ ڕێزلێنان لە مانگرتنی کرێکارانی جلوبەرگ لە ئەمریکا کرد، پێشنیارەکە بە کۆی دەنگ ڕەزامەندی ئەو ١٠٠ ژنە لە ١٧ وڵاتەوە وەرگرت. پێشنیارەکە جێبەجێکرا و ٨ی ئازار پەسەند کرا، هەرچەندە لەم قۆناغەدا هیچ وادەیەکی فەرمی دیاری نەکرا. سەرەڕای ئەوەش IWDبە گردبوونەوە و خۆپیشاندان لە ئەمریکا و زۆرێک لە وڵاتانی ئەورووپا لە ساڵانی پێش جەنگی جیهانی یەکەمدا دیار بوو، هەرچەندە ساڵانە لە ڕۆژانی جیاوازدا (بۆ نموونە ١٨ی ئازاری ساڵی ١٩١١ لە نەمسا-مەجارستان، ئەڵمانیا، دانیمارک و سویسرا و دوا یەکشەممە لە مانگی شوبات لە ئەمریکا) جەژن دەکرا. لە ساڵی ١٩١٧ لە ڕووسیا، ڕۆژی جیهانی ژنان گرنگییەکی زۆری بەدەستهێنا – ئەوە خاڵی گەرمی شۆڕشی ڕووسیا بوو. لە ٨ی ئازار (ڕۆژژمێری ڕۆژئاوا) ژنانی کرێکار لە پترۆگراد مانگرتنێکی جەماوەری و خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و داوای ئاشتی و نانیان دەکرد. بزووتنەوەی مانگرتن لە کارگەیەکەوە بۆ کارگەیەکی تر بڵاوبووەوە و بە شێوەیەکی کاریگەر بوو بە یاخیبوون. لە ساڵی ١٩٢٢، بۆ ڕێزلێنان لە ڕۆڵی ژنان لە IWDاله ساڵی ١٩١٧، لینین ڕایگەیاند کە ٨ی ئازار بە فەرمی وەک ڕۆژی ژنان دیاری بکرێت. زۆر دواتر لە یەکێتی شوورەوی و زۆربەی وڵاتانی سۆسیالیستی پێشوودا جەژنێکی نیشتمانی بوو. ڕەنگە شەڕی سارد ئەوە ڕوون بکاتەوە کە بۆچی ئەوە بوو کە پشوویەکی گشتی کە لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە بەڕێوەدەبرا، تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕۆژئاوا پشتگوێ خرا، سەرەڕای ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٥ (ساڵی نێودەوڵەتی ژنان)، نەتەوە یەکگرتووەکان ٨ی ئازاری وەک ڕۆژی جیهانی ژنان ناساند. بەرەو ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژنان




دەڕۆین. ڕۆژێک کە بووە بە ڕەمزی خەباتی ژنان بۆ نەهێشتنی جیایی و هەڵاواردنی جێندەری. ڕێزگرتن لە ٨ی مارس ڕێز گرتنە لە خەباتی زیاتر لە ٢ سەدەی ژنان بۆ نەهێشتنی چەوسانەوەیەک کە بە هۆی سیستەمی سەرمایەداری و پیاو سالارییەوە بە سەریاندا سەپاوە. خەباتی ژنان پەیوەست نییە بە ٨ ی مارسەوە، بەڵکوو ٨ ی مارس بووە بەرەمزی خەباتی ژنان دژی چەوسانەوە.
٨ ی مارس هەڵگری مانایەکی قووڵە. هەڵگری مێژوویەک خەباتە دژ بە چەوسانەوە. وەک چۆن ١ی ئایار هەمان مانای هەیە. خەباتی ژنان و هەوڵدان بۆ یەکسانی و باسکردن لە یەکسانی گرێ نەدراوەتەوە بە رۆژێکی دیاریکراو وەک ٨ ی مارس. وەک چۆن خەباتی کرێکاران بۆ دامەزراندنی حکومەتی کرێکاری گرێ نەدراوەتەوە بە ١ی ئایار، تەنها ئەوەیە ١ی ئایار ڕەمزی یەکگرتنی کرێکارانە.ڕۆژی جیهانی ژنان دەرفەتێک دەدات بە ژنان بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵک بۆ تێکۆشانی خۆیان و بۆ مافەکانی ژنان ڕابکێشن، ئەمەش بە خەباتی ژنان لە سەرانسەری جیهاندا ببەستنەوە و هاودەنگی نێودەوڵەتی لەگەڵ ژنانی کرێکار لە هەموو شوێنێک نیشان بدەن.

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبڕاوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەلات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bpeshawa@gmail.com


www.bopehsawa.net

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان رێک دەخات..

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام، ڕیبوار حەمە شەریف

## هونەرو مرۆڤ



نەجم محەممەد

هونەر و مرۆڤ پەیوەندییەکی زۆر نزیک و دێرینەیان هەیە. هونەر وەک ڕێگایەک بۆ دەربڕین و گەیاندنی هەست و بیرۆکەکان، لە سەردەمی پێش مێژووەوە بووە بەشێک لە ژیانی مرۆڤ. هونەر تەنها وەک ڕێگایەک بۆ جوانی و خۆشی نابێت، بەڵکو ڕێگایەکە بۆ ناسینەوەی جیهان و خۆمان و پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەو جیهانە.

**پەیوەندی هونەر و مرۆڤ:**

1. دەربڕین و گەیاندن: هونەر ڕێگایەکی بەهێزە بۆ دەربڕینی هەست و بیرۆکەکان. بەهۆی هونەرەوە، مرۆڤ دەتوانێت ئەو شتانە بگەیەنێت کە بە زمانێکی ئاسایی قورس یان ناتوانرێت دەرببردرێن....

2. ناسینەوەی خۆی و جیهان هونەر یارمەتی مرۆڤ دەدات بە باشتر تێگەیشتن لە خۆی و جیهانی دەوروبەری. بەهۆی هونەرەوە، مرۆڤ دەتوانێت ڕووناکی لەسەر ئەو کێشانە بێنێت کە لە ژیاندا هەیە.

3. کولتوور و مێژوو: هونەر وەک ئاوێنەیەکە کە کولتوور و مێژووی مرۆڤایەتی تێدا دەردەکەوێت. بەهۆی هونەرەوە، دەتوانین بزانین کە مرۆڤ لە سەردەمە جیاوازەکان چۆن دەژیوە و چۆن بیرۆکەکانی گۆڕیوە.

4. پەیوەندی کۆمەڵایەتی: هونەر دەتوانێت پەیوەندی نێوان کەسەکان و کۆمەڵگەکان بەهێز بکات. بەهۆی هونەرەوە، کەسەکان دەتوانن هەست و بیرۆکەکانیان لەگەڵ یەکتر بەش بکەن و پەیوەندییەکی قووڵتر دروست بکەن.

5. چارەسەر و دڵخۆشی: هونەر دەتوانێت وەک ڕێگایەک بۆ چارەسەری دەروونی و دڵخۆشی کار بکات. زۆر جار، هونەر یارمەتی مرۆڤ دەدات بە ڕزگاربوون لە فشار و کێشەکانی ژیان.

**جۆرەکانی هونەر**

١- هونەری بینراو: وەک وێنەکێشان، پەیکەرسازی، تەلارسازی. شانۆ. سینەما، بالی... هتد

٢- هونەری دەنگی بیستراو: وەک مۆسیقا، گۆرانی. سروود هتد

٣- هونەری ئەدەبی : وەک شیعر، ڕۆمان، چیرۆک. پەخشان هتد

هونەر و مرۆڤ پەیوەندییەکی ناگۆڕیان هەیە و هەرگیز لە یەکتر جیا نابنەوە. هونەر وەک ڕێگایەک بۆ دەربڕین و گەشەکردنی مرۆڤایەتی، بەردەوام دەبێتە بەشێکی گرنگ لە ژیانمان.

********

## من خۆم پێناچنرێت!



ڕێبوار حەمە شەریف

له کوێ دوو دەست، بێنم و
یەک دوو پەنجەی ڕاستگۆ
و. شریتێکی بیرەوەری و
سێ چوار... هەناسەی
ئازادی و
بە تەنیا- ش هەر دوو
پێ !...
کاسەی سەرم پڕ بووە لە
گومان،
گومانی شین و، کەسک و
سوورو
تا سپی، گەر لە وێنەی
بەفریش بچێ ...
عەوامێکە, هەر خۆم
ئەندازیاری خۆمم
نەخشەی خۆم دەکشم ،
خاکێکم،
لە هەزار لاوە... کێڵگەیەکی
بەیارو
کوێرە بیرێکی دوێنێم و
هەر خۆم خۆمم بێ ئەوەی
پەتێک هەبێ
خۆم خۆم هەڵدەگۆزم!

من خۆمم بێناچێنرێت!
دەنکۆڵە گەنمێکم، وشک و
ڕەق وتەق،
لە بەرد ئەچم، نەزۆک.
جووتێ چاو، لە ژێر دوو
برۆی ئێشکگرتوو
لە دووکانێکی کراوە ئاسا،
کەچی .... نیگایەکی
پێنابینم، ،
ساڵانێکم ڕووت و قووت و
بێ پێڵاو
(زمانێک)، لە دەمدا تۆقلە
نیشتوو،
(زووانێک)؛ لە کاسەی
سەردا ماڵە و
هەتا ئێستاش ـ قەڵەمێکی
بێ ڕشووەو و
هەر ئەنووسم بێئەوەی
دێڕێک فێر بووبم !؛
وشەکانم، ،
کۆنتر لە وشەی عیبری و
بزماری و
تا بە ئارامیش - ناچێت ؛
سەیرم بە خۆم دێ....
کە ناتوانم ناوی خۆم بە
چەند پیتێک بنووسم ؛
خۆم خۆم نادۆزمەوە .....
کەوتومەتە نێو تراویلکەی
(بێ ئاو و بانە) وە؛
ئەڕۆم ئەڕۆم ئەڕۆم.....
تا ئەوپەری یاخیبوون
بچێ ...
دەڤەرێکم بێ باو فەڕەو
بەرێکم بێ دەنگ ، ، ،
هەزاران وشەی درۆ لە سەر
سینەما ئە نووسنە وە
بێئەوەی دڵۆپێک خوێن لە
جەستەم دا چۆڕێت !؛
ئاخر خۆم خۆمم بۆ
نانووسرێتە وە
قەڵەم و پەنجەو دڵ و چاو
و پی و
هەنگاو بڵێن چی...
هەر خۆم بەرگی درۆ لەبەر
ئەکەم ...
زمان دێنمە سەر خەت و
پەنجە بە ناو ژەهری
مەرەکەبا ئەکەم،
ڕستەو یاسایەک بڵێن چی
، ، ، ،
خۆم خۆمم بۆ ناچێنرێت .

**************

## دەقێکی نوێ ...



## منالآن لەگەڵم هەنگاوە شکستەکانم کۆناکەنەوە...

لای من چراکان خامۆش و پەیمانە شوشەکان شکان.
هەنگاوەکان تێکەڵ ئەبن.
هەناسەم سنگم ئەکوتێ،
سڵاوێك لەناخمدا... خۆی حەشار داوە.
بەگریی وەڵامێك گرفتارە
ئازار بۆتە کراسێکی ئاودامان، جەستەم دائەپۆشێ،
ئەکرێ ئەم ئێوارەیە.
هەنگاوە بەساڵاچوەکانم وێڵم کا.
ئاوڕێك لەڕابردو نەدەمەوە،
ئەبینن لێرە تەواوی هەنگاوەکان قرخنن
وتەکان قورس ڕێ ئەکەن،
من لە هەواڵی هیچ وەڵامێکم نەپرسی
قژی هیچ وشەیەکم دانەهێنا
هیچ ئاوازێکم نەکردە بەری هیچ مەراقێك.
من ئەوەتەی ئێوارەکانم تەماوی بون
گوێم لەهیچ گۆرانیەك نەگرتوە،
خۆم بەگەڵای پایزەی هیچ درەختێکا پەیوەست نەکردوە.
تێکشکان دەستم ناگرێ.
خۆم نەداوەتە دەست هیچ ؟هەنگاوێکی ماندو،
ماندویەتی ئەپۆشم و تەنیایی ئەکەمە هاوڕێم
هەوڵیش ئەدەم ئەم خەمە تازەیەم
لێم تێبگا،،، کەلێرە تەواوی نیگاکانم بۆ ئەوە
شەوان لەسەر شەقامە ماندوەکا
لەسەر چەقی ڕێگاکان ئەبمە بەربەست
لێرە هەر لێرە تەواوی ژوانەکان کراسەکانی فیراق،
کۆڵانەکانی وتو وێژ.
سرکەیەکەی دایکم و هەڕەشەی ئێوارانی درەنگ هاتنەوە،
لێرەبوو ..؟
لەسەر سوێی ئەم شەقامە ماندوەی کانێسکان.
ئێواران دەستم بەکێلونی دەرگای حەوشەوە ئەلەرزی،
بەردەوام لەدودڵی ترازانی دەرگاو،
نیگا جوانەکانی دایکم.
پڕ ئەبوم لەشەرم پڕ ئەبوم لەحوزن.
ئای دایە ئەزانی ئێستا چەند موشتاقی
کلۆمی دەرگای داخراو و چاوەڕوانی تۆم
جێت هێشتم
بەڵام شکستەی وەڵام بۆ ئەم، تۆڤانی
دڵ هەڵقرچانەی جێ هێشتم .
نەئەوەیە ئەم کراسە دامالم
نەئەوەیە منداڵان لەگەڵم
هەنگاوە شکستەکانم کۆکەنەوە ...؟؟
...................



# خەباتی چینایەتی و ئازادی ژنان

## نووسینی: تۆنی کلیف

**تێبینی: ئەوەی دەیخوێننەوە وەرگێڕدراوی پێشەکی کتێبی "خەباتی چینایەتی و ئازادی ژنان" نووسراوەی "تۆنی کلیف"ە. تۆنی کلیف لەم کتێبەدا باس لە خەباتی ژنان لە وڵاتانی روسیا، ئەلمانیا، بەریتانیا، فەرەنسا و ئەمریکا دەکات لە پەنجا ساڵی رابردوودا.**

لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا دوو بزووتنەوەی جۆراو جۆر لە تێکۆشاندا بوون هەتا لە بزووتنەوەی ژنان بکۆڵنەوە: مارکسیزم و فیمینیزم. داخوازیی هەردووکیان خاشەبڕ کردنی نایەکسانی و بارودۆخی ژێر دەستەیی ژنان لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆیی و سەقامگیرکردنی هەلومەرجێکی یەکسانی ژنان و پیاوان بووە. بەڵام ئەم دوو بزووتنەوەیە، ستەمی سەر ژنان بە دوو شێوەی تەواو جیاواز لە یەکتر دەبینن و ستراتیژی جیاوازیان بۆ ئەم رزگاربوونە گرتۆتەبەر، کە بە تەواوی دژ بە یەکن.

فیمینیزم دوو فاقەبوونی سەرەکی لە بۆچوونیدا، بە لەتبوونی نێوان ژن و پیاو دەبینێ و هۆکاری ستەم لەسەر ژنان، پێداگری پیاوان لەسەر درێژەی دەسەڵات و کۆنترۆڵی ژنان دەزانێ، مێژوو، بەسەرهاتی پێکهاتەی پیاومەزنانەی نەگۆڕە کە پیاوان لە رێگای ئەوانەوە ژنان دەکێشنە ژێر رکێفی خۆیانەوە. تەنیا رێگای ژێرەوژوور کردنی ئەم پێکهاتانە لە لایەن ژنانەوە لە هەر چینێکی کۆمەڵایەتی بن، یەکگرتوویی لە دژی پیاوان لە هەر چینێکی کۆمەڵایەتی بێ دایە.

بەڵام مارکسیزم، چارەسەری بنەڕەتی لە کۆمەڵگە، ئانتاگۆنیزمی چینایەتیە و نەک دژایەتی نێوان رەگەزەکان. هەزاران ساڵە کە کەمایەتیەک لە ژنان و پیاوانی کرێکار پێکەوە هاوکاریان کردووە. خەباتی چینایەتی نێوان چەوسێنەران و چەوساوەکان بەدەر لە رەگەزەکەیان، هێزی پاڵنەری ئاڵوگۆڕە مێژووییەکان بووە. ستەمی سەر ژنان تەنیا لە نێو جەرگەو پێکهاتەی بەرینتری چەوساندنەوەی چینایەتیدا، بۆ لێتێگەیشتن دەبێ. بەم جۆرە روون دەبێتەوە کە هیچ سات و سەودایەک لە نێوان ئەم دوو بۆچوونەدا لە ئارادا بێ، هەر چەندە لە چەند ساڵی ڕابردوودا ژمارەیەک لە "فیمینیستە سۆسیالیستەکان" هەوڵیان داوە کە بە جۆرێک پردێک لە نێوان ئەم دوو رەهەندە دا دروست بکەن. لە سەردەمی بیرمەندانی گەورەی سۆسیالیزمی خەیاڵی سەرەتای سەدەی (١٩) واتە سان سیمۆن، فۆریە و رۆبۆرت ئۆوین، سۆشیالیستەکان رزگاری یەکجارەکی رەگەزی مرۆڤایەتیان بە ئامانجی خۆیان داناوە. واتە لە نێوبردنی ستەمی چینایەتی و ستەمی رەگەزی و هەر شێوازێکی تر لە ستەم.

مارکس و ئەنگلس بە بەرینکردنەوەی چەمکی مادی مێژوو، توانیان روونی بکەنەوە کە تەنیا خەباتی چینایەتیە کە دەتوانێ سۆسیالیزم و رزگاری ژنانی لێبکەوێتەوە. چەوساندنەوەیەک کە کرێکارانی پیاو و ژن بە یەکەوە لە شوێنی کاردا ئەزموونی دەکەن، ئەوان بەرەو رێکخستنی هەمەلایەنە لە دژی سەرمایەداری رێنوێنی بکات. خەباتی چینایەتی کرێکاران یەکگرتووە کە ستەم و چەوساندنەوە ژێرەوژوور دەکات.

یەکەم تێگەیشتنی ئەم بزووتنەوەیە لە نوێنگەری ژنانەوە لە مێژوودا بزووتنەوەی ژنان بە دروستی گلەیی دەکات کە "ژنان" لە روانگەی مێژووییەوە پشت گوێ خراون، بەڵام ئەم پشت گوێخستنەیان لە پەیوەند لەگەڵ ناوەرۆکی چینایەتی بە شێوەی نووسین و پەروەردەی مێژوویی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا نابینن. چونکە روانین بۆ مێژوو تەنیا بۆ کردەوەی، دەسەڵاتدارانی وەک پاشاکان، جەنەراڵەکان، وەزیرە پایەبەرزەکان، پاپەکان، خاوەن بانکەکان، کارخانەکان، هونەرمەندانی گەورە، بیرمەندان و فەیلەسووفەکان دەڕوانن. سەرجەمی ئەوانەش بێجگە لە چەند پاشا، ئیمپراتۆر و ژاندارک هەر هەموویان پیاون. بەم جۆرە مێژووش هەروەک بە سەرهاتی پیاوان نووسراوەتەوە. بەڵام تەنیا چەند کەسایەتیەک شانازی ئاوڕدانەوە لە مێژوویان پێ براوە. کەوابوو ئەم رەخنەیە کە ژنان لە مێژوو جیاکراوەتەوە، بەبێ سەرنجدان بەوەی کە سەرجەم پیاوانیش بە کردەوە تووشی ئەم چارەنووسە بوون، لە بنەڕەتدا بە مانای قەبووڵکردنی ئوسولی نوخبەگەرایانەی مێژووی فەرمی یە. تەنیا مارکسیستەکان نەیاری لێبڕاوی دژ بەم بیرە جێگەوتووەن کە بە ئاشکرا رایانگەیاندووە کە "مێژووی کۆمەڵگە بریتییە لە خەباتی چینایەتی" و بەم جۆرەیە کە چینی چەوساوە و هەروەها چینی ژێردەستە – ژنان و پیاوان – جێگەی باسی مێژوون. هەڵبەت مێژوونووسانی بۆرژوازی، جەماوەری خەڵک وەک بوونەوەرێکی پاسیڤی مێژوو کە تەنیا لەژێر کاریگەری کردەوەی چینە دەسەڵاتدارەکانن، دەناسێنن. بەپێی ئەم بۆچوون و تێگەیشتنەیە کە بزووتنەوەی ژنان، ژنان وەک کارتێکراوانی مێژوو واتە "قوربانیانی" ستەمی پیاوان دەبینێ. فیمینیستەکان باس لەوە دەکەن کە ئەوەی کۆمەڵگە و یان تاک بەسەر ژنانی داسەپاندووە. لەم بۆچوونەدا ژنان پاسیڤ و یان لایەنی کەم زۆر دژ کردەوە لە ئاست گوشارەکانی پیاواندا خۆیان دەردەخەن. گەورەترین پارێزەری چەمکی "قوربانی بوونی" پێگەی ژن لە مێژووی چەند ساڵی رابردوودا " سیمین دۆبوار" بووە. لە روانگەی ئەوەوە ژنان هەمیشە بێ ئیرادە و نموونە گەلێکی تایبەتی وەک ژنانی گەورەی مێژوو لە چەشنی ژاندارک و ئەلیزابێتی یەکەمن، کە مەزنایەتی خۆیان بە وەدەستهێنانی رەوشێکی پیاوانەوە بە دەست هێناوە.

یەکێکی تر لە روانگەکانی پەیوەندیدار بە "قوربانی بوونی" ژنان ئەوەیە کە ئەوان بە درێژایی مێژوو ئاڵوگۆڕیان بەسەردا نەهاتووە و لەوە دەچێ بۆ هەمیشە رەنگدانەوەی تایبەتمەندی ژنانە بوون، هەتا شتێکی تر ئەو بایەخانەی کە لە لایەن بزووتنەوەی ژنانەوە پارێزگاری لێدەکرێ، بێگومان لە بەرانبەرکێی بایەخی ستەمکاران واتە ئەوەی کە "پیاوان بەڕێوەی دەبەن" قەرار دەگرێ. پیاوان نوێنگەری "هیرارشی"، پیاو مەزنی و دەسەڵاتن و ژنانیش نوێنگەری خوشکایەتی، هاوپشتی و یەکێتی کۆمەڵایەتین. لە روانگەی ئەوانەوە، حیزبە سیاسیەکان و یەکێتییە کرێکارییەکان هەروەک "پێکهاتەیەکی پیاوانە" و رێکخراو گەلێک بە مۆدێلی پیاوانە دەناسرێن. سەرپێچیکارانی بنەمای فیمینیستی لە نێو خۆیاندا بە سیفەتی "وەک پیاوانەوە" پاداشت دەکەن.

بە پێناسەیەکی ئەو تۆیە کە دەبینین بزوونتەوەی ژنان هەر ئەو بایەخ و ستانداردانە وێنا دەکات کە زۆربەی پیاوانی کۆنەپەرست لە مێژوودا لە سەقامگیر کردنیدا هەوڵیان بۆ داوە. دوژمنکارانەترین کردەوە بەرانبەر بە ژنان ئەو کەسانە ئەنجامی دەدەن کە بەردەوام پشت بە ناوەرۆکی هەمیشەیی و نەگۆڕی ئەوان دەبەستن: ژیانی هەمیشەیی وەک بیانوویەک بۆ پاکانەی شێوازی جۆراوجۆری ئاستەنگ و بەربەستی کۆمەڵایەتی ویاسایی بەرانبەر بە ژنان کەڵکی لێوەردەگیرا. ئەم بۆچوونە کە لە بنەرەتدا سەرجەم ژنان وەک یەک پێناسە دەکات، زۆر لایەن لە بزووتنەوەی ژنان بەرەو ئەو شوێنە پەلکێش دەکات کە بە کردەوە پیاوانیش وەک یەک ببینێ. بۆ وێنە یەکێک لە گرنگترین کتیبەکانی بزوونتەوەی رزگاری ژنان واتە "سیاسەتی رەگەزی" نووسراوەی "کیت ملیت" لەبەر چاوە بگرن کە لەو کتێبەدا سەرجەم پیاوان وەک پیاو مەزنانێکی دڵرەق بە هەستێکی سووکایەتی پێکردنەوە و بە لە خۆبایی بوونەوە باس لە ستەمی سەر ژنان دەکات. کاتێک کە سەیری کۆیلەتی پیاوان لە رابردوو و یان ئەو کرێکارانەی کە لەسەر کار دەرکراون و وەتەنگ هاتووی ئێستا دەکەی، هەڵە بوونی ئەم پروپاگەندەیە باشتر هەست پێدەکەی.

تیرۆانینی سوننەتی بۆ مەسەلەی ژنان بە تێگەیشتنی نەگۆڕ و دەروونی بۆ ژنان، هێمای کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکان، سەرچاوە گرتوو. لەو هێزانە نازانێ، کە لە نێو ئەوە کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دەژین، هەڵس و کەوت دەکەن. بەڵکو سەرچاوە گرتووە لە سروشتی خودی ژنانەوە پێناسە دەکات و ئەم بۆچوونە رەنگە بە شێوەیەکی هەڵە بەڵام بە شێوەیەکی بەربڵاو لە نێو بزووتنەوەی ژناندا قەبووڵ کرابێ. توندڕەوترین باڵی بزووتنەوەی رزگاری ژنان واتە "Radical Lesbians" بە ئاشکرا کردنی پەیوەندی ژن لە گەڵ ژن وەک بەیانیەیەکی سیاسی تەنها کارێک کە دەیکات چەواشە کردنی پێناسەی سوننەتی لە ژنان بە زیانی پەیوەندیان لەگەڵ پیاوانە.




هەوڵ دەدەین هەتا لەم کتێبەدا روونی بکەینەوە کە هیچ ریزبەستنێکی رێکوپێک وەکو گروپی ژنان لەگەڵ گروپی پیاوان بێجگە لە لایەنی بیولۆژیکیەوە نەبێ، لە ئارادا نییە. رەهەندی نێوان کۆیلە و کۆیلەدار، خان و رەعیەت، چەمکی "پیاوان"ی بە هەمان رادە بێ ماناکردووە کە رەهەندەکانی نێوان ژنی کۆیلەدار و کۆیلەی ژنان، چەمکی "ژنانی" بێ مانا کردووە. بزووتنەوەی ژنان بە هۆی بۆچوونێک کە بەسەریدا زاڵە بە کەڵک وەرگرتن لە دەستەواژەی "ژنان" و "ستەمی سەر ژنان" ئاوێتەی رێڕەوێکی گوماناوی، بێ متمانەیی و دژی مێژوویی دەبن. بۆ ژنانی کۆیلە، ستەم بە مانای توندوتیژیی جەستەیی، چەوسانەوەی رەگەزی وجیاکردنەوەی زۆرەملێ لە مناڵ و بۆ ئەڤینداری لەش پەروەر و خۆش نشینی کۆچبەری ئەوروپایی بە مانای بەرتەسک کردنەوەی کۆمەڵایەتی و یاسایی و سەرکوتی ئارەزووە رەگەزییەکان بووە. بۆ ژنانی چینی کرێکار، شۆڕشی پیشەیی چەوساندنەوەی بێبەزەییانەی سەرمایەداری و هەروەها ترس لە منالداری لە هەل و مەرجی دژواری کار لەم کۆمەڵگەیەدا پێناسە دەکات. (مردنی بەشێکی بەرینی منالان هەر لە سەردەمی کۆرپەییدا). بۆ ژنی سەرمایەدار، بەڵام ژیانی زاڵمانە و لەش پەروەرانە. وێناکردنی سەرجەم ژنان لە ریزبەتنێکدا بە مانای هەڵاواردن و دەرهاوێشتنی هەلومەرجی مێژوویی تایبەتی و لەبەرچاو نەگرتنی رۆڵی ژنانی خاوەن سەروەت لە بە کۆیلە کردن و چەوساندنەوەی پیاوان و ژنانی کرێکارە.

لە نێو بزووتنەوەی ژناندا زۆر جێکەوتووە کە بارودۆخی ژنان وەک بارودۆخی کۆیلەکان، کەمایەتی رەگەزی ژێرستەم و لە بواری ئابووریەوە گروپی سەرکوتکراوی خەڵک بە یەک روانگە ببینن. بەڵام خاڵی هاوبەشی نێوان ئەم بەشانە زۆر کەمە. ژنان تاقمێکی جیاکراوە نین. ئەوان بەشێکی بەرینی کۆمەڵگەن، ئەگەر ژنان چەوساوەن. پەیوەندی ژنان لە گەڵ پیاوان لە بنەماڵەدا لە بنەڕەتدا لە گەل پەیوەندی کرێکار و سەرمایەدار، یان نێوان رەش و سپی پێست جیاوازە. پەیوەندی قوڵ و دژواری ئابووری، رەگەزی و دەروونناسی، ژنانی ناچار بە هاوکاری کردن لە بنەماڵەدا کردووە. رەش پێستەکان و بە جیاواز لە

ناوچەی سپی پێستەکان رادەگیرێن. سۆزی نێوان ژنان و هاوسەرەکانیان خۆشەویستی نێوان دایک و کوڕ پەیوەندی زاڵ و فەرمانبەرانە تێکدەشکێنێ. رەش پێستەکان لە رەگەزپەرستانی سپی پێست توڕەن، بەڵام ژنان تەنانەت لە هەلومەرجی نایەکسانیشدا دەکەونە بەر خۆشەویستی پیاوانەوە. ژنان بە بەشێک لە کۆمەڵگەیەک کە تێیدا دەژین دەژمێردرێن و بەم جۆرە ناکرێ بارودۆخی ئەوان بە جیا هەڵبسەنگێندرێ. ناوەرۆکی سەرەکی ئەم کتێبە لێکدانەوەی چۆنیەتی پەیوەندی چەمکی ستەمی سەر ژنان بە چەوساندنەوەی چینایەتیەوەیە. زۆربەی لایەنگرانی بزووتنەوەی ژنان کاتێک کە باس لە ستەمی هەنووکەیی سەر ژنان دەکەن، وەک بەرهەمی "پیاو مەزنی" باس لە ئاکامی ئەو ستەمە دەکەن. و بەم جۆرە ژێردەستەیی و زاڵبوون وەک هۆکارێک لە دەرەوەی مێژوو وێنا دەکەن کە بە جیا لە کۆمەڵگەی چینایەتی، یان سەرمایەداری بوونی خۆی دەردەخات. لە ئاست ئەم بۆچوونەدا ئاماژە بە" سەرچاوەی بنەماڵە، خاوەندارێتی تایبەتی و دەوڵەت"ی فریدریک ئەنگلس وەک بنەمایەکی تیۆریک دەکەین. ئەنگلس بەم جۆرە بەڵگە دێنێتەوە کە سەرهەڵدانی خاوەندارێتی تایبەتی و دابەش بوونی کۆمەڵگە بە چینەکان بوو، کە کۆت و بەندی ژنانی لێکەوتەوە.

لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، بەرهەمی پێویستیە سەرەتاییەکانی ژیان، بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە، دەبینین کە ئێستاش نۆژەنکردنەوەی ئەو – واتە پەروەردەکردنی منال – کردەوەیەکی تایبەتیە کە بەردەوام لە چوار چێوەی ماڵدا دێتە ئاراوە. ستەمی سەر ژنان لە بەرانبەرکێ و ناکۆکی نێوان ئەم دوو رەهەندەوە سەرچاوە دەگرێ. بەم جۆرە خەبات بۆ رزگاری ژنان ناتوانێ لە خەبات دژی سەرمایەداری جیابێ. بوونی ستەم خۆی لە خۆیدا خەبات بۆ رزگاری لێناکەوێتەوە. ستەمی سەر ژنان بە هەڵاواردنیان و دەستبەسەرکردنیان لە چوارچێوەی بنەماڵەدا بە گشتی، لاوازی وکۆیلەتی ئەوانی لێدەکەوێتەوە. تەنیا لەم شوێنە کە ژنانی کرێکار هێزی یەکگرتوویان هەبێ دەتوانێ متمانە بە خۆیان پێبدا بۆ خەبات لە دژی چەوساندنەوە و توانا و هێزی خەبات لە دژی ستەمێک کە بە سەریان دا سەپاوە وەک ژن پەیدای دەکەن. لایەکی تری مەسەلەکە ئەوەیە کە کرێکارانی ژن وەک لایەنەکانی دیکەی ستەملێکراو، لە سەردەمی قەیرانی کۆمەڵایەتی لە زۆر بواردا شۆڕشگێرانی خۆڕسکی ئەم بوارە لە پیاوان بە تواناترن. خەباتی کرێکاران لە دژی چەوسانەوە، کلیلی خەباتی سەرکەوتوانەی ئەوانە لە دژی هەر جۆرە ستەمێک. بەم جۆرە یەکەم یەکەم هەنگاوی ژنانی چینی کرێکار بۆ هاتنە نێو گۆرەپانی خەبات لە پێناو بوونیان، هاتنەدەر لە گۆشەی ماڵ و پێنانە نێو گۆڕەپانی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنانە. بەڵام ئەم کارە بە مانای "رزگار بوون لە رێگای کارو پیشەوە نییە". ئەنگلس لە کتێبی "بارودۆخی چینی کرێکاران لە بەریتانیا" بە وردەکاریەکی زۆرەوە شیدەکاتەوە کە چۆن ژیانی چینی کرێکاران بە پەلکێش کردنی ژنان بۆ سەر کار لە کارخانەکان ئاستێکی دڕندانە و نامرۆڤانە بە خۆیەوە دەگرێ. لە روانگەی کۆمەڵناسان، ئابووری زانان ومێژوونووسانی سەرمایەداریەوە، چەوساندنەوە تەنیا چەوسانەوەیە، بەڵام لە روانگەی مارکسیستەکانەوە چەوسانەوە تەوەری خەباتی چینایەتی و سەکۆی دەربازبوونی رزگاری مرۆڤەکانە. ئەو توندوتیژی و بەربەرییەی کە ئەنگلس باسی دەکا، خەباتی هاوبەشی ژنان و پیاوانی لە پێناو ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی لە بەرژەوەندی چینی کرێکارانی لێ دەکەوێتەوە، کە ئێمە هەوڵ دەدەین لەم کتێبەدا ئەوە شیبکەینەوە. لەم کتێبەدا پێداگری ئێمە لە سەر ژنانی چینی کرێکار وەک کاتێکراوانی مێژوو و دروستکردنی ئەم مێژووە دێتەوە ئاراوە. مێژووی خەباتی ژنانی کرێکار بە جۆرێک دەوڵەمەند و بەرینە کە بۆ من زۆر دژوار بوو بتوانم چەند بەشێک لەم گۆڤارەدا بگونجێنم. لە ئاکامدا ناچار بووم تەنیا پوختەی ئەم خەباتە هەڵبژێرم. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە مێژووی ژنانیش لە خۆ دەگرێ، شۆڕشەکان ئەم پوختەیەن و هەر بۆیە ئاماژەم بە رۆڵی ژنان لە چوار شۆڕشدا کردووە.

بە شۆڕشی سەدەی ١٧ی بەریتانیاوە دەستم پێکردووە کە بۆ یەکەم جار بیرۆکەی رزگاری ژنان و جۆرێک لە ئەخلاقیاتی رەگەزی نوێ پشکوتن. شۆڕشی فەرەنسا لە سەدەی ١٨ و کۆمۆنەی پاریس لە سەدەی ١٩، خەباتی لێبڕاوانەی ژنانی کرێکار ئاشکرا دەکات.

لە کۆتاییدا ئاماژە بە مێژووی شۆڕشی ١٩١٧ دەکەین کە لە راستیدا دەکرێ بڵێین لەوە بە دواوە بوو کە یەکەم ساتەکانی رزگاری ژنان دەست پێدەکا. یەکەم هەلێک کە یەکسانی تەواوی ئابووری، سیاسی، رەگەزی ژنان دەخرێتە دەستووری کاری مێژووە. سەرەتای نوێی سیاسی، ئابووری و بنەماڵەیی دەست پێدەکا کە ئامانجیان ژێرەوژوو کردنی یەکجارەکی نایەکسانی چەند سەد ساڵە بووە. دەوڵەتی نوێ مافی دەنگدانی بۆ ژنان بە رەسمی ناسی، یاسای تەڵاق و مافە مەدەنیەکانی پەسەند کرد کە بە گوێرەی ئەوان ئیزدواج پەیوەندیەکی داخوازانە بوو و جیاوازی لە نێوان منالّی "مەشروع و نامەشروعی" هەڵوەشاندەوە. بەڵام سەرنجدان بە ناکامی شۆڕش بۆ پەرەگرتن لە ولاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری و گرنگ تر لەوەش لە ئەلمانیا، شۆڕشی تەریک کەوتووی روسیا لە رەوتی سەرەکی خۆی لایدا و لە سەردەمی ستالین، دژە شۆڕش سەقامگیر بوو. هەموو شتێک کەوتە ژێر کاریگەریی بنەمایی پیشەسازی. هەر بۆیە رژێم رێک سەرنجی نەدا بەو بەشانەی کە دەیانتوانی لە ئازاری ژنانی کرێکار کەم بکاتەوە. رژێم، لە سەردەمی ستالیندا بە مانای توێژبەندی توندی کۆمەڵایەتی بوو. کاربەدەستانی رژێم پێکهاتەی بنەماڵەیان هەر وەک پاوانخوازان بۆ کۆمەڵگە بە قازانج دەزانی.

مێژووی تێکۆشانی رێکخستنی ژنانی کرێکار لە رێکخراوە سۆسیالیستیەکانی وەک مێژووی گشتی بزووتنەوەی چینی کرێکاران، بەسەرهاتی دوور و درێژی هەوراز و نشێوەکانە. سەربردەی دژوارو شکستە دڵتەزێنەکان. سەرەڕای ئەوەش خەبات درێژەی هەیە، تەنانەت ئەگەر قەرار بێ هەموو شتێک لە سەرەتاوە دەست پێ بکات. لە خەباتی رزگاریدەرانەدا – رزگاری ژنان و پیاوان – ئەرکی ئەم حیزبە ئەوەیە کە ریبەرایەتی خەباتی چینایەتی بە دەستەوە بگرێ و بە خەبات لە دژی بیرباوەری زاڵی بۆرژوازیی هەوڵ بدات بەسەر کەندو کۆسپەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی چینی کرێکار- هەروەها نێوان ژنان و پیاوان – زاڵ بێت و سەرەنجام لە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانەی کۆمەڵایەتیدا ئەم چینە رێبەرایەتی بکات. مێژوو بە شێوەیەکی بی بەزەییانە دەری دەخات کە هەتا چەندە دامەزراندنی حیزبی جەماوەری سۆسیالیستی ئەرکێکی تاقەت پڕوکێن و دژوار بووە و ئەو گیروگرفتانەیە کە لە سەر هەوڵەکانی پەیوەندیداربە سەرکەوتنی ژنانی کرێکارەوە کاریگەری دادەنێ.

پێنج بەش لەم کتێبە تەرخان کراوە بۆ سەرکەوتن و شکستەکانی ریکخستنی ژنانی کرێکار لە نێو بزووتنەوەی سۆسیالیستی ساڵەکانی ١٨٦٠ بۆ ١٩٢٠ لە وڵاتانی ئەمریکا، ئەلمانیا، روسیا، فەرەنسا و بەریتانیا. گەشەی ئەم بزوونتەوە جۆراوجۆرانە، جیاوازی زۆریان پێکەوە هەبووە. یەکەم جیاوازی بۆ جیاوازی گەشەی ئابووری لەم وڵاتانە هەڵدەگەڕێتەوە. پەیوەندی بارودۆخی ژنان لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان لە ئارادا بووە و هەروەها ئەم بیروباوەرانەی کە لە لایەن ژنانی سۆسیالیستەوە لەم وڵاتانە پەرەی پێدەدرا و لەم بیرۆکانەدا نوێنگەری سیاسی و رێکخراوەیی بزوونتەوەی ژنانی سۆسیالیست گەشەی دەکرد، زۆر هەستیار و ناسک بوو. هەر بۆیە بزووتنەوەی ژنانی کرێکار لە وڵاتانی جۆراوجۆر جیاوازی زۆریان بەیەکەوە هەبووە و ئەم جیاوازیانەش لە جیاوازی نێوان چینی کرێکار لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان و هەروەها لە جیاوازی گەشەی ئابووری لە وڵاتەکاندا زۆر زیاترە. بەڵام پاش ساڵەکانی ١٩٢٠، مەسەلەی رزگاری ژنان بە هەڵکردنی گێژاوی ترسناکی قەیرانی گەورەی ئابووری، نازیزم، ستالینیزم و سەرهەڵدانی دووبارەی سۆسیال دیموکراتی راستڕەویی کەوتە پەراوێزەو لە بیر کرا. تەنیا نیو سەدە دواتر بوو کە بزووتنەوەی نوێی ژنان لە ساڵەکانی قەیرانی قوڵی سەرمایەداری جیهانی لە کۆتایی دەیەی ٦٠ و سەرەتای دەیەی ٧٠ سەرلەنوێ سەری هەڵدایەوە. لە بەشەکانی کۆتایی کتێبەکەدا چاوێک دەگێڕین بەسەر بزووتنەوەی رزگاری ژنان لە ئەمریکا و بەریتانی. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و شێوەی کارکردی ئەوان هەڵدەسەنگێنین. نیشان دەدەین کە چۆن ئەم بزووتنەوانە سەرنجیان داوەتە قەڵەمڕەوێک کە ژنان و پیاوان لە یەکتر نامۆن، دەست درێژی رەگەزی، لێدانی ژنان، و حەقدەست بۆ کاری نێوماڵ- و سەرنجیان نەداوە بە خەباتێکی گرنگ کە ژنان بۆ وە دەستهێنانی پشتیوانی پیاوان، سەرکەوتنی گەورەتر بە دەست دێنن بۆ وێنە مانگرتن، دژایەتی لەگەڵ کەمکردنەوەی هەزینەکانی ئاسایش، حەقدەستی یەکسان و یەکێتی کرێکاری. بزووتنەوەکانی ئەو سەردەمەش، ژنان بە قوربانیانی زاڵ بوونی پیاومەزنی وێنا دەکات و نەک وەک ئەندامی خەباتگێری چینی کرێکاران بە جێگای وردبوونەوە لەو شوێنانەی کە ژنان بەهێزترن – لە چەشنی یەکێتیەکان و شوێنەکانی کار- زۆرتر سەرنجیان داوەتە ئەو لایەنەی کە تێیدا لاوازترن. هەر بۆیە بزووتنەوەکانی ژنان کەوتۆتە بەراوێزەوە و لە بەرابەری لێکترازان و هەڵوەشان دابووە، هەر چەند کە بیروباوەرەکەیان هەنووکەش لە ئاستێکی بەریندا کاریگەری هەیە.

لەم بزووتنەوانەدا وردە بۆرژوازی نوێ، مۆری چۆنیەتی و تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی خۆی لە چەمکی ستەم و رزگاری ژنان داوە. هەم ژنان و هەم پیاوانی ئەم چینە بە دەست جۆرێک لە خۆنامۆ بوونەوە ئازار دەکێشن – و ژنان زیاتر بە دەست ئەم لە خۆ نامۆ بووەنەوە دەناڵێن، چونکە بەردەوام لە بەرزو نزم بوونەوەی پیشەکاندا زوڵمیان لێدەکرێ و تووشی هەڵاواردن دەبن – شۆڕشی ئەم چینە ناوەنجیە ئەوەندە گرنگ بوو کە مارکس وەک "سۆسیالیزمی وردە بۆرژوازیی" پێناسەی دەکات. ئەوان نایەکسانی و شەروشۆڕییەکانی نیزامی سەرمایەداری لە قاو دەدەن، بەڵام هەروا تاک پەرستن و توانای ئاوێتە بوون لەگەڵ چینی کرێکاریان نییە، کە چینی کرێکاران تاکە چینێکە دەتوانێ کۆتایی بە سەرچاوەی ئەم نایەکسانی یانە بێنێ. لە کۆتاییدا ئاورێک لە ستەمی سەر ژنان لە کۆمەڵگەی ئێستادا و هەروەها بنەماڵە و پێشینەی مێژووی کە بنەماڵەی چینی کرێکاری شکل پێدا دەدەینەوە.

بۆچی بنەماڵەی چینی کرێکار کە لە سەردەمی سەرەتای گەشەی سەرمایەداری ئەوەندە "هاوچەشن" نەبوو، توانی بمێنێتەوە؟ چۆن و بۆچی ژنان و پیاوانی کرێکار لە پێناو بەرگری لە بنەماڵە خەباتیان کرد و ژنان دەبێ چ نرخێک بۆ سەرکەوتنە دیاریکراوەکانی خۆیان لە توندوتیژی سەرمایەداری بدەن؟ ئەمڕۆ کانە بنەماڵە رۆڵی پشتیوانی هەیە یان ستەمکارانە و یان هەردووکیان؟ رۆڵی ئەو وەک ناوەندی لە خۆنامۆ بوونی ژنان چییە؟ ئایا بنەماڵە دەتوانێ خەڵوتگایەکی هێمن بۆ ئەڤین و جوانیەکانی دەروون لە کۆمەڵگەیەکدا بێ کە سەرجەم پەیوەندی تاکەکان چەواشە کراوە؟ چین، چۆن لە سەر بنەماڵە کاریگەری دەبێ؟ بە کام شێوە بنەماڵەکانی چینی کرێکاران لەگەل بنەماڵەکانی چینی ناوەراست، جیاواز دەبن؟.

بەشی کۆتایی باس لە پەیوەندی نێوان چەوساندنەوەی ژنانی کرێکار و ستەمی سەر ئەوان وەک ژن دەکات. بە شێوەیەکی گشتی ستەم لە کۆمەڵگەدا و بە تایبەت لە بنەماڵە، چ کاریگەریەکی لەسەر ژنان دەبێ؟ پەیوەندی نێوان خەباتی چینایەتی لە دژی چەوسانەوە و سەرمایەداری لە لایەک و خەبات لە دژی ستەمی سەر ژنان چییە؟ ئەو رێکخراوانەی کە بۆ رێبەرایەتی کردنی ئەم دوو خەباتە کە پێگەی چەمکی مارکسیستی پەیوەندی چەوسانەوە، ستەم و رزگاری لە نێو جەرگەی مێژوودا روون بکەینەوە. ئێمە لەسەر ئەو بڕوایەین کە رزگاری ژنان ناتوانێ بەبێ سەرکەوتنی سۆسیالیزم بەدیبێت و سۆسیالیزمیش بەبێ رزگاری ژنان مسۆگەر نییە...

**وەرگێرانی لە فارسییەوە: پێستون**



**عەلی مەولود: ئەم مانگرتنەی دوایی پێی نایە قۆناغێکی نوێ. کە سەری کێشاوە بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەت لەدەرەوەی دەسەڵات و جیاکردنەوەی ڕێگای خەڵک لەڕێگای دەسەڵات....**

# دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ عەلی مەولود یەکێك لە سیما ناسراوەکانی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و چەپ لە کوردستان...سەبارەت بە "نارەزایەتی و مانگرتنی مامۆستایان و فەرمانبەران و ئایندەی ئەم بزوتنەوەیە"...

**بۆپێشەوە: ئەم ماوەیە شەپۆلێکی تری نارەزایەتی مامۆستایان و فەرمانبەران، دەستی پێکرد، کە بە مانگرتنی مامۆستایان و فەرمانبەران و هەڵدانی چادر لە بەردەم بارەگای ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتوەکان... خۆی نمایش کرد، نارەزایەتی و مانگرتن و خۆپیشاندانی ئەم جارەی مامۆستایان و فەرمانبەران، جیاوازی لەگەڵ خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانی پیشوودا چی بووە؟**

**عەلی مەولود:** ئەمە وێستگەیەکی ترە لە خەبات و تێکۆشانی کۆمەڵایەتی و جەماوەری، لەبەرامبەر هەردوو دەسەڵاتی ستەمکاری عێراق و هەرێمی کوردستان، کە بۆ بەرژەوەندی کەمینەیەک، دەستیانگرتووە بەسەر داهات و سامانی گشتیداو زۆر ڕووقایم، قووت و هۆکاری ژیانی خەڵک و موچەخۆرانیان کردووە بە کارتی گوشارو بارمتەی ململانێ و ناکۆکییە سیاسیەکانی نێوان خۆیان و سەوداو مامەڵەی لەسەر دەکەن.

مامۆستایان و فەرمانبەرانی نارازی، لەبەرامبەر ئەو شێوەژیان و شێوە حوکمڕانییەی لەهەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێت، بۆ بەدەستهێنانی خواستەکان هەوڵی زۆریان داوەو ڕێگای جۆراوجۆریان گرتۆتەبەر، هەر لە پێشکەشکردنی داواکاری و یاداشت نووسین و گردبوونەوەو خۆپیشاندان و بایکۆتی دەوام، کە دوایین فۆرمی ئەو بەرەنگارییە مانگرتن لە خواردن و دانانی خێمە بوو لەبەردەم ئۆفیسی سلێمانی نەتەوەیەکگرتووەکان.

بەڵام ئەو هەموو نارەزایەتی و بەرەنگارییە، ئەو هەموو هەوڵە بۆ ڕاستکردنەوەو ڕێککردنەوەی ژیانی گشتی، ئەو هەمووە هاوارو نەفرینە لەنادادی... تەزووی بەدڵی ئەم دەسەڵاتەدا نەهێناو ئەوەی بەجێگیری ماوەتەوە بێباکی دەسەڵاتی هەرێمە دەرهەق بە ژیان و چارەنووسی خەڵک بەگشتی، ئەوەی هێشتا لەسەر لاساری و لاملی بەردەوامەو بێگوێیی دەکات بەرامبەر خواستی خۆپیشاندەران، نەک هەر داواکان و خواستەکان وەڵام ناداتەوە بێمەتانە پشتگوێی دەخات، بەڵکو زۆر بێ دەربەستانە ملهوڕی دەکات بۆ درێژەپێدان و تووندکردنەوەی سیاسەتی برسیکردن و سکەهڵگوشینی خەڵک و لەوەش واوەتر تۆمەت و ناوونـاتۆرەی نەشیاو دەداتە پاڵ سیاسەت و نارەزایەتی و تێکۆشانی خەڵک و وەک موئامەرە مامەڵەی لەگەڵ دەکات.

**هۆکاری سەرەکی نەدانی مووچە، کەمبوونی داهات و کورتهێنانی بوودجە نییە، وەك کاربەدەستان باسی دەکەن، بەڵکو بەتەواوی سیاسەتی کەمکردنەوەی پشکی خەڵکە لە سامان و داهاتی گشتی، ئەگەر داهاتی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەوێتە بەردەستی دەسەڵاتدارانی هەرێم، هێشتا سیاسەتی برسیکردن و بێبەشکردنی خەڵك، درێژەی دەبێت...**

چەقی ئەم ناکۆکی و ناتەبایی و ململانێیەی نێوان خەڵک و دەسەڵات، شەڕە لەسەر شێوەی ژیان، کرۆکی تێکۆشانی کۆمەڵایەتی – سیاسی خەڵک بۆ دەستەبەربوونی جۆرێکی ترە لە ژیان، لەدەرەوەی ئەم ژیانە نەخوازراوەی بەزۆری هێز سەپێنراوە بەسەر هەرێمی کوردستاندا. ئەم خەباتە بەم مانگرتنەی دوایی پێی نایە قۆناغێکی نوێ. کە سەری کێشاوە بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەت لەدەرەوەی دەسەڵات و جیاکردنەوەی ڕێگای خەڵک لەڕێگای دەسەڵات.

**یەکێتی نیشتیمانی بەهیچ شێوەیەك لایەنگرو پشتیوانی خواستی مامۆستایان و فەرمانبەران نەبووەو نییە، ئەو تەنها نیگەرانی بەشی خۆیەتی لەگەڵ پارتی و بۆ ئەو مەبەستە دەیەوێت خواست و نارەزایەتی بەرهەقی خەڵك، بە (ئەنتی پارتی بوون) ژمراوی بکات و بیکات بە کارتێکی گوشار بۆ وەرگرتنی بەشی زیاتر...**

**بۆپێشەوە: لە ساڵی ٢٠١٤ وە، کێشەی موچە لە پاشەکەوتی موچەوە، بۆ لێبڕین و دواخستنی بەردەوامە، هەموو ساڵێک بەرپرسانی دەسەڵات ڕای دەگەیەنن کە چارەسەری پرسی موچەو دابەشکردنی دەکەن و چەند جاریکیش باسی چارەسەری موچەیان کردووە کەچی کێشەی موچە بەردەوامە، هۆکاری سەرەکی نەدان و دواخستنی موچە چییە؟ ئایا پارتی و یەکێتی بەرپرسی ئەم کێشەیەن یان دەسەڵاتی بەغدا؟**

**عەلی مەولود:** هۆکاری سەرەکی نەدانی مووچە، کەمبوونی داهات و کورتهێنانی بوودجە نییە، وەک کاربەدەستان باسی دەکەن، بەڵکو بەتەواوی سیاسەتی کەمکردنەوەی پشکی خەڵکە لە سامان و داهاتی گشتی، ئەگەر داهاتی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەوێتە بەردەستی دەسەڵاتدارانی هەرێم، هێشتا سیاسەتی برسیکردن و بێبەشکردنی خەڵک، درێژەی دەبێت، هەرئەوەی لەپاڵ هەژاری و بێکاری و بێمووچەییدا ڕۆژبەڕۆژ داهات و سامانی کۆمپانیاکان و بەرپرسەکان بەشێوەی سەرسووڕهێنەر زیاد دەکات و قووڵتر دەچنە ناو کایەکانی سەرمایەی جیهانی و ڕیزی دەوڵەمەندە زەبەلاحەکانی جیهان، بەڵگەی حاشاهەڵنەگری ئەوەیە کە داهات و سامانی هەرێمی کوردستان زۆر لەوە زیاترە ژیانێکی حەساوەو تەسەل بۆ خەڵکەکەی دابین و مسۆگەر بکات.

وە تەنانەت ئەگەر حکومەتی عێراق هەموو داخوازیەکانی حکومەتی هەرێم جێبەجێ بکات و هیچ داوایەکی لێیان نەبێت هێشتا ڕێگاو بیانوو زۆرە بۆ نەدانی مووچەو گرتنەوە لە خەرجی گشتی لەبواری خزمەتگوزارییە گشتیەکان، لەپێناوی ئەم بیانووانەدا دەسەڵاتدارانی هەرێم نەک هەر بەشێک نین لە چارەسەر، بەڵکو بەشێکی سەرەکین لە کێشەی نێوان بەغداو هەرێم، ئەم کێشەیە ئەگەر زیان و زەرەری خەڵکی هەرێمی کوردستانی تێدایە، بەڵام بەپێچەوانەوە دەرگای دەسکەوتی زیاتری بۆ دەسەڵاتدارانی کردۆتەوەو هاوکات کۆمەکیان دەکات لە بردنەپێش و بەئەنجامگەیاندنی سیاسەتی برسیکرن، هەرهیچ نەبێت بیانووەکان دەخاتە ملی حکومەتی بەغدا، ئەوە لەکاتێکدا دەسەڵاتدارانی هەرێم خۆیان بەشێکن لە دەسەڵاتی بەغدا و بەشدارن لە سیاسەتەکانی.

ئەمە بە واتای باشتربوونی دەوڵەت و حکومەتی ناوەند نییە، بەڵکو بەمانای ئەوەیە برسیکردنی خەڵک لە زاتی دەسەڵاتی هەرێم خۆیدایە، بوونی فاکتەری دەرەکی هیچ لەو ڕاستیە ناگۆڕێت. بنەڕەتی بابەتەکە ئەوەیە لە سیاسەتی ئابووری ئێستای هەرێمدا هیچ جێگایەک بۆ ژیانی خەڵک نییەو ژیانی گشتی لەدەرەوەی سیاسەتی بەرکارە.

لەدوای تێپەڕاندنی خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوبات، لەجیاتی ئەوەی پێشنیارو ڕاسپاردەو داواکاریەکانی ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە جێبەجێ بکەن کە چاکسازییەکی گرنگی سیاسی و ئابووری و یاسایی بەدیدەهێنا، بەڵام بەپێچەوانەوە سیاسەتی ئابووری هەرێم بەدژی ژیانی گشتی ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی بەسەردا هاتووە، کۆمپانیاکانی حیزب و بنەماڵە دەستڕۆیشتووەکان کراونەتە سەنتەر، ئابووری هەرێم بەگوێرەی قازانج و بەرژەوەندی ئەوان ڕێکخراوە، حکومەت ڕاستەوخۆ گۆڕاوە بە پشتیوان و پاسەوان و خزمەتکاری کەرتی تایبەت و دەرهەق بە خەڵک و ژیانی گشتی ئەرکیان لە لێگرتنەوەو سەرکوت و ڕێکخستنی بێمافییەکاندا کورت بۆتەوە.

کەمکردنەوەی خەرجی گشتی و نەدان و لێبڕین و دواخستنی مووچە، بەشێکە لەو پرۆسەیە، بەتایبەتی کە

سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، بۆ دەستڕاگەیشتن بە دەسەڵاتێکی سەرمایەداری سەرکەوتوو، کە لەراستیدا مافیاییە، لەوبارەیەوە راسپاردەو رێنوێنی پێداون.

**بۆپێشەوە: ئەمجارە مامۆستایان و فەرمانبەران بەتایبەتی مامۆستایانی گرێبەست، بریار بوو لەهەولێر خۆپیشاندان بکەن بۆ خواستەکانیان، هاوکات ژمارەیەک مامۆستا و فەرمانبەر ویستیان بچنە هەولێر و پەیامەکەیان بگەیەنن، بەڵام زۆر زوو پارتی نوێنەری مامۆستایانی گرت و رێگەی نەدا مانگرتوان بچنە هەولێر بەکورتی پارتی ڕیگەی نەدا هیچ کۆبونەوەیەکی نارەزایەتی لە هەولێر و دهۆک بەرِیوەبچێت... پرسیار ئەوەیە پارتی تا کەی دەتوانێت لە رێگەی ترساندن و زیندان و سەرکوتەوە بەر بەخۆپیشاندان و هاتنەمەیدانی خەڵکی نارازی بگرێت؟**

**عەلی مەولود:** سیاسەتی پارتی (بەپێچەوانەی نەرم و شلیەکەی لەگەڵ هێزە دەرەکیەکان) لەگەڵ هاوزمانەکانی خۆی، لەسەر سێ تەوەر کاردەکات:

یەکەمیان سیاسەتی موئامەرە، هەموو سیاسەت و کارێکی دەرەوەی خۆی، هەرجۆرە رەخنەو ناتەباییەک لەگەڵی، هەموو نارەزایەتییەک و داخوازیەک،… بە موئامەرە دەناسێنێت و وا مامەڵەی لەگەڵ دەکات کە ئەو خۆی راستەو لەسەر حەقەو ستەمی لێدەکرێت.

دووەم خۆگشتاندن، سیاسەتی خۆی بە سیاسەتی گشتی ئەژمار دەکات و ( قازانج و بەرژەوەندی) و (زەرەرو زیانی) خۆی بە (قازانج و بەرژەوەندی) و ( زەرەرو زیانی) گشتی دادەنێ، ئەو هەمیشە بەرژەوەندی گشتی لەبەرژەوەندی تایبەتی خۆیدا بچووک دەکاتەوە. لۆژیکی ئەو لەسەر بناغەی ( پاشا – رەعییەت) دامەزراوە.

سێهەم: ملهوڕیکردن، بۆ جێخستن و سەپاندنی سیاسەت و ئامانج و مەبەستەکانی، لەهەموو کارێکدا ملهوڕی و خۆسەپاندن بەستەرێکی سەرەکیە، لەسەر بنەمای ئەوەی کە خۆی بەستەملێکراو دادەنێ، رەوایی دەدات بەهەر کاروکردەوەیەک و پەرچەکردارێک.

بەپێی ئەو خاڵانەی سەرەوەو لۆژیکێک کە لێی بەرهەمدێت: ئەوەی لەگەڵی نەبێت دووژمنیەتی و دووژمنی ئەویش دووژمنی گشتیە، هەر بەم پێودانگە مامەڵەی لەگەڵ ١٧ی شوبات و هەموو نارەزایەتیەکانی ساڵانی رابردوو کردووە، تەنانەت دانی نەناوە بەوەی کە خەڵک پێداویستی ژیان و داواکاری هەیەو لەسەر ئەوانە نارەزایەتی هەیە، بەڵکو وەک دەستکێشی سیاسی بەدژی خۆی دەیبینێت.

لەبارەی رێگریکردن لە چوونەژوورەوەی مامۆستایان و فەرمانبەرانی نارازی بۆ هەولێر، پێشوازی خەڵکی هەولێر لێیان و گردبوونەوەی مامۆستایانی گرێبەست، وە بەگشتی لەپرسی دەربڕینی نارەزایەتی خەڵک و بەرێوەبردنی چالاکی بۆ داواکردن و بەدەستهێنانی داخوازیەکانی چین و توێژەکان، ئەم

> **خەڵكی هەردوو زۆن هەمیشە بەدەست هەڕەشەی هەردوو دەسەڵاتی یەكێتی و پارتیەوە دەناڵێنن تەنها جیاوازیەكە ئەوەیە كە یەكێتی بە حكومی لاوازی پێگەو نفوزی سیاسی لە هاوكێشەی سیاسی ناوچەكەدا و ناكارامەیی ململانێی سیاسی لەبەرامبەر پارتیدا، فرسەتی هێرشكردنی بۆسەر خەڵك سنوردارترە...**

لۆژیکەی بەڕێوەبردووە.

دەربارەی ئەوەی تاکەی دەتوانێت لە رێگەی ترساندن و زیندان و سەرکوتەوە بەر بەخۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان بگرێت، نمونەکانی وەک ئەسەدو سەدام و هاوشێوەکانیان پێماندەڵێن ئەوە رێگایەکی مسۆگەر نییە بۆ مانەوە. پارتی (یان هەر دەسەڵاتێکی تر) هەرچەند دەست توند بکات لەسەرکوتی خەڵک، سەرەنجام ناتوانێت رێگای گۆڕانکاری ببەستێت. خواستی گۆڕانکاری لەهەرێمی کوردستان بووە بە خواستێکی شەعبی، پارتی و هاودەسەڵاتەکانیشی، یەکەم بەهۆکاری دەرەکی و دووەم بە هۆی نەبوونی ئەڵتەرناتیڤ ماونەتەوە، ئەو فاکتەرانە بگۆڕێن، هێزو سەرکوت فریای ناکەوێت.

**بۆپێشەوە: لایەنی دیاری نارەزایەتی ئەمجارەی مامۆستایان و فەرمانبەران مانگرتن لە خواردن و خواردنەوە بوو... ئەم شیواز و نەریتە تا چەندە دروستەو دەتوانێت دەسەڵات ناچار بە جێ بەجێکردنی خواستەکانیان بکات؟**

**عەلی مەولود:** سەرەڕای ئەوەی ئامادەیی و خۆڕاگری و (شەڕ لەگەڵ مەرگ)ی مانگرتووان بۆ ماوەی ١٥ رۆژ، لەپێناوی ماف و داخوازی گشتی و دەسکاریکردن و باشترکردنی شێوەو ئاستی ژیان، لەسەر حسابی ژیان و تەندرووستی خۆیان، جێگای ئەوپەڕی رێزو پێزانین و ستایش کردنە، ئەوانە بەگیانی خۆیان نارەزایەتی و بەرەنگاری خەڵکی هەرێمی کوردستانیان بردە قۆناغێکی ترو خەڵکیش بەدڵ و بەگیان لەگەڵیان بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا ئێمە نابێت لایەنگری خۆکوژی بین، ژیان لەسەروو مردنەوەیە، خەبات پێویستە لەپێناوی دابینکردن و باشترکردنی ژیاندا بێت نەک کایەکردن بەژیانی هیچکەس، لەوبارەیەوە منیش وەک زۆرێک لە خەڵک نیگەرانی ژیانیان بووم و خۆشحاڵیش بووم کە سەربەرزانە گەڕانەوە بۆ ژیانی ئاسایی خۆیان، کە بەشێک لەو ژیانە خەبات و تێکۆشانیان و بەردەوامییانە لەسەر بەرەنگاری.

لە راستیدا بێبەهابینینی تاک و کردنی بەقوربانی لەپێناوی گشت، لەسیاسەتدا زۆر رەواجی پێدراوە، بەڵام بەبڕوای من ئەمە پێویستی پێداچوونەوەی جدی هەیەو بەقەدەر ئەو چەمکەی کە کۆمەڵگە دەخاتە خزمەتی تاکەوە، پێویستی بە گۆڕینە. لەژیاندا هەم بەرژەوەندی تاک و هەم بەرژەوەندی گشتی گرنگن و پێویستە یەکتر تەواو بکەن و هێز لەیەکتر وەربگرن، نەک یەکیان بچێتە پێناوی ئەیتریان.

**بۆپێشەوە: بێگومان نارەزایەتی و مانگرتن و کۆبونەوەو چادرهەڵدانی مامۆستایان و فەرمانبەران رەوایە و دەتوانێت کاریگەری لەسەر کەشی گشتی کۆمەڵگە هەبێت، بەڵام ئایا کۆبونەوە و مانگرتن و چادر هەڵدان بەتەنها دەتوانیت ئەو کاریگەرییەی هەبێت و دەسەڵات ناچار بە وەڵامدانەوە بەخواستی مامۆستایان و فەرمانبەران، بکات؟ یان پێویستە ڕیگەو شێوازی کاریگەرتر دەستی بۆ ببرێت؟**

**عەلی مەولود:** خۆی کێشەکە ئەوەیە دەسەڵات ئامادە نییە وەڵامی بچووکترین داخوازی خەڵک بداتەوە، تەنانەت ئامادە نییە داواکاریەکان وەربگرێت، قسەیەک هەیە دەڵێت: (اقتلوهم بالاهمال) ئەو گرەوی لەسەر ئەوە کردووە خۆپیشاندەران شەکەت و بێزار ببن، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی نەبوونی ئاسۆی رۆشن و رێگای رۆشن بۆ گۆڕانکاری و هێنانەژێرباری دەسەڵات، سنووری خواستەکان تێکەڵبوون و بەیەکدا چوون، هەموو داواکارییەک، هەرچەندە سەرەتایی و سادەو بچووک بێت، ئەوسەرەکەی دەگات بە خواستی شۆڕش و راپەڕین و درووشمی رووخانی دەسەڵات و جێگرتنەوەی، کە ئەم توانایەش لەدەسترەسدا نییە ئاکامەکەی دەبێت بە بنبەست و ناکامی و دەگات بە رێگای داخراو- وەستان – گەڕانەوە- نائومێدی.

لەهەرێمی کوردستان نارەزایەتی فراوان لەدەسەڵات و شێوەی حوکمڕانی و جۆری ژیان و نادادی هەیەو لەسەر بنەمای ئەمە تێکۆشان و بەرەنگاری فراوان و پشوودرێژی هەیە، بەڵام لە رێبەرایەتی و پێشەنگایەتییەکی بەرچاوڕۆشن و کارامە و هاوسەنگ بەهرەمەند نییە، پەیوەندییەکی رێکخراوەیی توندوتۆڵ لەنێوان بەرێوەبەرانی نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان و جەماوەری نارازی و تەنانەت چالاکانی جەماوەریدا نییە، رێبەرایەتییەکی سیاسی قسەڕۆیشتوو نییە داواکاریەکان و چالاکیەکان نەخشەمەندانەو بەپێی کات و شوێنی گونجاو هاوسەنگی هێز بخاتەڕوو. تەنانەت ئەو چالاکیانەی ئامادەکاریشیان بۆ دەکرێت، بەگوێرەی پێویست دیراسە ناکرێن و لەسەر بنەمای لێکدانەوەی واقیع ئامانجەکانی دیاری ناکرێن، ئەمە لەپاڵ بێباکی و وەڵامنەدانەوەی دەسەڵات، وادەکات سەقفی داواکاریەکان بەدوای یەکدا بەرزدەبنەوە تا ئاستی دواکردنی راپەڕین و رووخاندن و گۆڕینی دەسەڵات و سەرەنجام بەهۆی بێتواناییەوە لەکاردەکەون و دەوەستن.

خراپی ئەمە لەوەدایە لەسەرێکەوە بڕیاری پێشوەختەو بەشێوەی سۆزداری یان لەسەر بنەمای توورەیی رۆڵی تێدا دەبینێت و لەسەرێکی تریشەوە لەهەموو جوڵانەوەکاندا دووبارە دەبێتەوە، کە گرنگ و پێویستە رێگایەکی بۆ بکرێتەوە بۆ تێپەڕبوون و گەیشتن بەئاستێکی تر لەرێکخراوبوون و هەماهەنگی و هاوخەباتی پشودرێژو ئیدامەکارو ببێت بە پرۆسەیەکی سیاسی خاوەن ستراتیژو نەخشەڕێگای دوورماوە.

> **برسیكردنی خەڵك لە زاتی دەسەڵاتی هەرێم خۆیدایە، بوونی فاكتەری دەرەكی هیچ لەو راستیە ناگۆڕێت. بنەڕەتی بابەتەكە ئەوەیە لە سیاسەتی ئابووری ئێستای هەرێمدا هیچ جێگایەك بۆ ژیانی خەڵك نییەو ژیانی گشتی لەدەرەوەی سیاسەتی بەركارە...**

ئەم مەسەلەیە پێویستە زۆر بە وردی دیراسە بکرێت و وردبینی بکرێت. یەکێک لە مەرجەکانیش ئەوەیە بەپێی سرووشتی خۆی و سەردەمی خۆی میکانیزمی خۆی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، نەک بەشێوەی نەریتی.

**مامۆستایان و فەرمانبەران و موچەخۆران و ژنان و کرێکاران و هەموو بەشەکانی کۆمەڵگە پێویستە وەك بکەری سیاسی خۆیان رێکبخەن بۆئەوەی بتوانن کاریگەر بن لەسەر بڕیاری سیاسی و بڕیاردەر بن لەسەر چارەنووسی خۆیان و کۆمەڵگاکەیان...**

**بۆپێشەوە: یەکێتی نیشتیمانی کە خۆی هەم بەشیکە لە حکومەت!! و هەم بەکردەوە دەسەڵاتی یەکەمی زۆنی سەوزە، کەچی بەرپرسیاریەتی موچە دەخاتە سەر دەسەڵاتی هەولێر و وەکو ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵات خۆی نیشان دەدات و دەڵێن پشیوانی لە خواستی مامۆستایان و فەرمانبەران دەکەین، چۆن دەڕوانە ئەم مامەڵەیەی یەکێتی؟**

**عەلی مەولود:** گومانی تێدا نییە بڕیاردەری سەرەکی هەرێمی کوردستان پارتیەو بەوپێیە ئەو هۆکارو ئەندازیاری سەرەکی دۆخی نالەباری ئێستایە، پارتی راستگۆیانەتر و راشکاوتر دووژمنایەتی خۆی لەگەڵ ژیان و چارەنووسی خەڵکی کوردستان بەیانکردووەو بەرگری لێدەکات، ئامادە نییە لەبەرامبەر داخوازیەکانی خەڵک نەرمی بنوێنێت، ئەمە ئەگەر بوارێکی بۆ یەکێتی نیشتمانی کردۆتەوە یاری و مناوەرەر بکات، بەڵام ئەوی نەخستۆتە بەرەی خەڵکی ناڕازی و بەهیچ شێوەیەک ئەو لایەنگرو پشتیوانی خواستی مامۆستایان و فەرمانبەران نەبووەو نییە، ئەو تەنها نیگەرانی بەشی خۆیەتی لەگەڵ پارتی و بۆ ئەو مەبەستە دەیەوێت خواست و ناڕەزایەتی بەرهەقی خەڵک، بە (ئەنتی پارتی بوون) ژەهراوی بکات و بیکات بە کارتێکی گوشار بۆ وەرگرتنی بەشی زیاتر.

**بۆئەوەی چەپ رۆڵی شایستەی خۆی ببینێت، پێویستە زیاتر لەگەڵ واقعی سەردەمی خۆی و جولانەوەکانی ئاوێزان بێت، هەوێنی یەکێتی و یەکرێزی بێت، وەك بکەری سیاسی سەرەکی کار لەگەڵ خەڵك و تێکۆشانەکانی بکات...**

**بۆپێشەوە: لە ناڕەزایەتیەکانی ئەم دوایەی مامۆستایان و فەرمانبەران و مانگرتوان... شاری سلێمانی لە رێگای داخستنی بازار و دوکان... پشتیوانی خۆیان راگەیاند... کە ئەزمونێکی نوێ بوو... چۆن دەکرێت ئەو ئەزموونە جێ بخرێت و بەشەکانی تری کۆمەڵگەش بەشێوەی تر پشتیوانی لە بزوتنەوە ناڕەزایەتییەکان بکەن؟**

**عەلی مەولود:** ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی مامۆستایان و فەرمانبەران تەنها بۆ خۆیان نییە، بوعدێکی کۆمەڵایەتی سیاسی هەیە، کە جۆرێک رێکخراوبوونی بەخۆی داوە، تەنانەت واوەتریشە لە دابینکردنی شایستە داراییەکانی موچەخۆران و بەشێکی بۆ دەسکاریکردن و گۆڕین و باشترکردنی سیستەمی حوکمڕانیە، بۆیە پێویستە کۆمەڵگە بەگشتی پشتیوانی و هاوکاری بکەن و وەک بەشێکی پێشڕەو لە خەبات و تێکۆشانی گشتی چاوی لێ بکەن و بەهێزی بکەن و ئەزمونەکانی لەبەرچاوبگرن، پێشکەوتن و سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە رۆڵی هەیە لە پێشکەوتن و سەرکەوتنی کۆمەڵگە بەگشتی و لاوازبوون و شکستیشی کاریگەری نەرێنی لەسەر کۆی بەرەنگاری خەڵک و هێزە ژیانخوازو پێشکەوتنخوازەکان دادەنێت.

داخستنی دوکان و بازار نەک هەر بۆ پشتیوانی و هاوسۆزی مامۆستایان و فەرمانبەران، بەڵکو وەک رێگایەکی ئەزموونکراوی خەبات پێویستە کەڵکی لێوەربگیرێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی ستەمکاریەکانی دەسەڵات و نادادیەکانی.

**بۆپێشەوە: مانگرتن لە خواردن و خواردنەوە کۆتایی هات، بەڵام ناڕەزایەتی و بایکۆتی مامۆستایان و فەرمانبەران درێژەی هەیە، چۆن دەکرێت دەسەڵات ناچار بێت، کۆتایی بە دواخستنی دابەش کردنی موچە بهێنێت و وەڵام بەداخوازییەکانی تریان لەوانە دامەزراندن و پلە بەرزکردنەوە...تاد، بداتەوە...؟**

**عەلی مەولود:** وەک باسمانکرد و ئەزموونی ساڵانی رابردووش نیشانیداوە، دەسەڵات هیچ خواستێکی خەڵک جێبەجێ ناکات، بێباکە بەرامبەر بە ژیانی گشتی و ژیانێکی ئازادو ئارام و حەساوە بەشێک نییە لە ستراتیژی ئابووری و سیاسی ئەو، خواستەکانی خەڵک بەشێک نین لە نەخشەکارو ئەجێنداکانی، هەر بەوهۆیەشەوە ئەو لەڕێگای تر دەگەڕێت تا موچەخۆرانی کەرتی گشتی و مووچەکانیان کەمتر بکاتەوە، بەناوی خانەنشیکردنی موالیدەکانی ( ٦٢، ٦٣، ٦٤ و ٦٥) بێکارسازی بەکۆمەڵی ئەنجامداوەو لەدەستپێکی ساڵی ٢٠٢٥یشدا لەجیاتی دەستپێکردنەوەی پلەبەرزکردنەوە، دەرماڵەی نوێ و سەرموچەشی وەستاند و ئامانجەکەشی دەست پیسییەو ئەیەوێت نەک داهاتی ناوخۆ خەرج نەکات، بەڵکو ئەو پارەی لەبەغدا دێت بۆ موچە، بەشێکی بۆ بمێنێتەوەو کەمتری بگات بە موچەخۆر.

واتە دەسەڵات لە هێرشی بەردەوام دایە بۆسەر ژیانی خەڵک و ئەوەش پێماندەڵێت کە لەژێر فشاردا نەبێت مل بە هیچ خواستیک نادات، ئەوەی بتوانێت ئەم هاوکێشەیە بگۆڕێت تەنها دروستبوونی هێزێکی کۆمەڵایەتی کاریگەرە، ئەویش پەیوەستە بەوەی خەڵک وەک بکەری سیاسی لەسەر ئاستێکی فراوانی کۆمەڵایەتی و لەدەرەوەی سیاسەتی باوی دەسەڵات، دەست بۆ کاری سیاسی و خۆڕێکخستنی کۆمەڵایەتی ببات و لەپێناوی ژیانێکی باشتر خۆیان ئەرکدار بکەن. مامۆستایان و فەرمانبەران و موچەخۆران و ژنان و کرێکاران و هەموو بەشەکانی کۆمەڵگە پێویستە وەک بکەری سیاسی خۆیان رێکبخەن بۆئەوەی بتوانن کاریگەر بن لەسەر بڕیاری سیاسی و بڕیاردەر بن لەسەر چارەنووسی خۆیان و کۆمەڵگاکەیان. نەک ئەوەی لەلایەن کەمینەیەکی خۆپەرستی مفتخۆرەوە بڕیاریان بۆ بدرێت و بەسەریاندا بسەپێنرێت، وەکئەوەی ئێستا هەیە.

**بۆپێشەوە: رۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی چۆن دەبینن لە بزوتنەوەی ناڕەزایەتی ئەم دەورەیەی مامۆستایان و فەرمانبەراندا؟ هەروەها چۆن دەڕواننە رۆڵی بلۆکی چەپ و کۆمۆنیست لەم ناڕەزایەتیانەدا و چ ئەرکێکی سەرەکی دەکەوێتە ئەستۆیان؟**

**عەلی مەولود:** پرسیارەکەتان دەربارەی دوو رەوتە کە هەم ئەرکیان و هەم ئەجێندایان جیاوازە، یەکەمیان ئەو حیزبانەی بەهەر نیگەرانی و گلەییەکەوە لەپەراوێزی دەسەڵاتدان و سەر بە هەمان خێزانی دەسەڵاتن، دووەم رەوتی چەپ و کۆمۆنیستەکان، کە لە ساڵی ١٩٩١ ەوە تاکۆ ٢٠٠٩ لەریزی پێشەوەی خەبات و ناڕەزایەتی خەڵکی هەرێم بوون و زۆربەی ناڕەزایەتیەکان بەم دەناسرایەوە.

سەبارەت بەوەی یەکەمیان خاوەنی هەمان لۆژیک و ستراتیژی سیاسی و فەلسەفەی حوکمڕانین کە ئێستا لەکاردایەو هەندێکیان دواکەوتووترن و زیاتر لەدەسەڵاتی ئێستا دژی ژیان و ئازادین، تەنانەت ژێ بەژێریش لەگەڵ دەسەڵات لینک و بەرژەوەندییان هەیە، هیچکامیان بەرنامەو جیهانبینی پێشکەوتووتر لەوەی پارتی و یەکێتییان نییە نە بۆ ژیان و نەبۆ شێوەی حوکمڕانی، ئەگەر ئەمڕۆ توندترین سەرزەنشت و رەخنەو نەیاری پارتی و یەکێتیش بکەن گرەنتی نییە سبەی هەمان شت و بگرە خراپتریش دووبارە نەکەنەوە، شەڕی ئەوان لەسەر دەسەڵات و پشک و بەشی خۆیانە نەک ژیان و بەشی خەڵک، ئەگەر لێکەوتێکیشیان لەگەڵ خۆپیشاندانەکان هەیە تەنها دەیانەوێ لە تێکۆشان و ناڕەزایەتی خەڵک کەڵک وەربگرن. هەروەک چۆن لە دووایین هەڵبژاردنی هەرێمدا زیاتر لەدەسەڵات رۆڵیان بینی لە رازیکردنی خەڵک بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان، کە خزمەتێکی گەورەی بە بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی کردو بۆ خەڵکیش هیچی لێ سەوز نەبوو، جگە لە خاوکردنەوەی ناڕەزایەتییەکان و بەلاڕێدابردنی.

سەبارەت بە رەوتی (چەپ و کۆمۆنیستەکان) بەتێگەیشتنی من ئەویش کێشەی گەورەی هەیە، پەرشوبڵاوە، بەزنجیرەیەک جیابوونەوەو لێکترازاندا هاتووە، فرە جەمسەرو فرە مینبەرە، نە لەناوخۆیداو نە لەئاستی کۆمەلگەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بەستەری یەکێتی و یەکڕیزی نییە، یان باشترە بڵێین لە توانایەکی وا بەهرەمەند نییە، نەکڵۆکەو ئینسیجامی کۆمەڵایەتی لاوازە، ئەوەندەی کار لەگەڵ درووشمی شۆڕشگێڕانە دەکات ئەوەندە کار لەگەڵ واقیع و هاوسەنگی هێزو کاری کۆمەڵایەتی و پەروەردە ناکات، لەجیاتی درووستکردنی مێژوو، خەو بە دووبارەکردنەوەی مێژووەوە دەبینێت... ئەوانە کاریگەری ئەم رەوتەیان لەسەر کۆمەڵگەو لە خۆپیشاندانەکان و جولانەوە کۆمەڵایەتیەکاندا خستۆتە پەراوێز.

بۆئەوەی چەپ رۆڵی شایستەی خۆی ببینێت، پێویستە زیاتر لەگەڵ واقعی سەردەمی خۆی و جولانەوەکانی ئاوێزان بێت، هەوێنی یەکێتی و یەکڕیزی بێت، وەک بکەری سیاسی سەرەکی کار لەگەڵ خەڵک و تێکۆشانەکانی بکات، دەستی هەبێت لە پێشکەشکردنی شێوەیەکی کاراو گونجاو بۆ رێکخستنی ناڕەزایەتیەکان و فۆرمی رێکخراوبوونی کۆمەڵایەتی، بەشداربێت لە نیشاندانی رێگای بەرەوپێشچوون و خستنەڕووی ئاسۆی سەرکەوتنی خۆپیشاندانەکان و چالاکیە جەماوەریەکان، هاوکاربێت لە رسکان و پێکهاتنی رێبەرایەتی کارامەو بەرچاورۆشن لەناو پێشەنگانی خەباتی جەماوەریدا، وە درووستکردنی هاوپشتی کۆمەڵایەتی لەنێوان چین و توێژەکان، بکات بە پرۆژەی سیاسی خۆی.

********

## درێژەی.... هەڵبژاردنی "بێگانە" بۆ دەرەوە...

نەپرسن، بۆ ئەوەی ببن بە بەشێک لە ماشێنی و پڕۆپاگەندەی جەنگخواز و لە سەرفکردنی بودجەی زەبەلاح بۆ بواری سەربازی نەپرسن، دەوڵەتی ئەڵمانیا دوبارە پێویستی بە دێگونەچارەیەکە، دێگونە چارە ئەم جارەش پەنابەرە. چەندین ساڵە پەنابەر کراوە بە هۆکاری هەمو نەهامەتییە کۆمەڵاتییەکان: قەرەباڵغی نەخۆشخانە و نۆرینگەکان، قەیرانی نیشتەجێبون و گرانی کرێی خانو، زۆربونی تاوان، قەرەباڵغی شارەکان؛ بە کورتی هەرشتیک کە حکومەت توانای چارەسەری نەبو ئەوا پەنابەر بەرپرسیارە، پەنابەری بەربەری و ناشارستانی و دژە ژن لە بەرامبەر ئەڵمانیی دیموکرات و شارستانی و ژیاندۆست و ژندۆست. تاکە حیزبێک ( لە پارتە گەورەکان) بەشداری ئەم ئۆرکێسترا دژە پەنابەریەی نەکرد و دژی وەستایەوە پارتی چەپ بو (دی لینکە). هەر ئەمەش یەکێک بو لە هۆکارەکانی گەڕانەوەی ئەم حیزبە، بە جۆرێک کە چەند ڕۆژێک پێش هەڵبژاردنیش خەڵک چاوەڕوانی ئەم گەڕانەوەیەی دەکرد و لە ڕاپرسیەکدا ٧٪ بەدەستهینا. پارتی چەپ هەموی چەند مانگێک پێش هەڵبژاردن لە قەیرانێکی قوڵدا بو، لە ڕاپرسیەکاندا لە خوار ٣٪ بو، بەڵام هەڵوەشانەوەی حکومەت و یەکلابونەوەی هەمو حیزبەکانی دیکە بۆ هەڵگیرسانی جەنگ دژی پەنابەران هەلی بۆ پارتی چەپ ڕەخساند بە شێوازێکی تر دەرکەوێت. پارتی چەپ ئەمجارە لەبری ئەوەی وەک ڤێرژنێکی چەپتری چەپە لیبرالەکان خۆی دەرخات تەرکیزی خۆی چڕ کردبوە لەسەر کۆمەڵێک بابەتی وەک کرێ خانو و باج و قڵشتی نێوان دەوڵەمەند و هەژار. لە لایەکی تریشەوە گەرچی پارتی چەپ لە هەڵبژاردنەکاندا پێنجەم هێزە، بەڵام لەناو گروپی تەمەن ١٨-٢٩ ساڵدا یەکەم هێز بوو. هەرچەند ڕابەرانی پارتی چەپ لە سیاسەتیان بەرامبەر فەلەستین و جەنگی ڕوسیا ئۆکرانیا دا هەمان سیاسەتی پارتە نەزمخوازەکان بوە و سەرکردەکانی بەشێک بون لە بەرگریکارانی دەوڵەتی ڕەگەزپەرست و فاشیی ئیسرائیل، بەڵام زۆربونی دەنگەکانی ئەم پارتە بە تایبەتی لەنێو گەنجاندا جێگەی دڵخۆشیە، نەک لەبەر ئەوەی کە پارتی چەپ دەتوانێت جێی ئومێدی ئەم دەنگدەرانە بێت و سبەی لە پەرلەمان شکست بە فاشیزم دێنێت، بەڵکو ئەم ئاڕاستە خواستی بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگەی ئەڵمانی دەردەخات بۆ ڕوبەڕوبونەوەی فاشیزم و لە نەبونی هێزێکی تۆکمەی ڕادیکاڵ دا پارتی چەپ وەک بەرجەستەکەری ئەم ئامانجەی خۆیان دەبینن، زۆر کەسیش کە نایانەوێت ببن بە بەشێک لە هەڵمەتی دژە پەنابەری، متمانەی خۆیان بەخشی بە پارتی چەپ. سەرکردایەتی پارتی چەپ ناتوانێت پێشڕەویی فاشیزمی نوێی ئەڵمانیا بوەستێنێت، بەڵام ئومێد هەیە کە ڕادیکاڵ بونی زیاتری هێزە مارکسی و بزوتنەوە چەپە شۆڕشگێڕەکان بنکەو جەماوەری پارتی چەپیش ڕادیکاڵ بکەن و لە داهاتودا بەرەیەکی یەکگرتو دژ بە فاشیزم وەک شێوازێکی حوکمرانی سەرمایە پێکبێنن.

*************

## هێزی چینی کرێکار لە ڕێکخراوبوونیدایە!

## درێژەی دوا وتە

و ناوەندەکان و گەرەکەکان لەشاری هەولێر و سلێمانی پێکهێنا، ئەم روداو و دیاردە نوێیە، پەیامێکی تەکاندەر بە هێزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و هاوکات مایەی نیگەرانی ئەمریکا و غەرب بوو.

سەرباری هەر نارۆشنی و کەموکورتیەک کە کۆمۆنیستەکان و شوراکان هەیان بوو، تەنانەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستیەش کە ئاسۆی زاڵ بەسەر بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیدا، ئاسۆیەکی سۆشیالیستی رۆشن نەبوو، بە تەواوەتی خۆی لە ئاسۆی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد جیانەکردبووە، بەڵام توانی مۆری خۆی بدات لە روادوەکانی ئەو کاتەو بۆ یەکەمین جار، پێی نایە ناو بەرامبەرکێیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە لەگەڵ بزوتنەوەی زاڵ لە مێژووی سیاسی کوردستاندا.

بزوتنەوەی شورایی و رۆڵی کرێکاران و لاوان و ژنان تیاییدا، وە بەهێنانە گۆڕی ئەلگۆیەکی تری بەڕێوەبردن، توانی بۆیەکەمین جار، بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی توشی ڕاچەنین و ترس بکات و هاوکاتیش نەخشەی رووبەڕووبوونەوەی بۆ بکێشێت....

بزوتنەوەی شورایی، جوانترین دیمەن و دیاردەی ناو تاریکستانی جەنگ و ملهوری ئەمریکا و ئەو کەش تەواو کۆنەپەرستانە زاڵە بوو، کە وێنەی جۆرج بۆش بەرز رادەگیرا و سوپای ئەمریکا وەکو فریاد رەس دەخرایە ڕوو.... بوونی بزوتنەوەی شورایی لەکەشی جەنگی و کۆنەپەرستانەی ئەو کاتەدا، کە بریار بوو دنیا لە ڕیگایەوە ئابدیت بکریتەوە و دوبارە پێناسەی باڵادەستی ئەمریکا بەسەر جیهانی دوای دارمانی سۆشیالیزمی بۆرژوایی دا، بکرێتەوە، هەرگیز ناتوانرێت وەکو دیاردەیەکی ئومێد بەخش لە یادەوەری چینی کرێکار و بیبەشانی کۆمەڵگەی کوردستاندا بسرێتەوە.

بەڵام بەو هۆیەوە کە ڕاپەڕین و خرۆشانی جەماوەری ١٩٩١، نە بەرهەمی خەباتی لە پێشتری شاری چینی کرێکار و بێبەشانی کۆمەڵگەو نەحاسڵی چوونە پیشی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی کوردستان بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتی بوو، نەیتوانی ئامانجێکی جیاواز لەوەی ئەمریکا و غەرب و بزوتنەوەی کوردایەتی بەدوایەوە بوو، بەدی بهێنێت.

زاڵ بوونی ئاسۆی ناسیونالیستی و ئومێد بەستنی خەڵکی کوردستان بە ئەمریکا و غەرب و خۆشباوەری بە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، خرۆشان و راپەرینی خەڵکی کوردستانی لە پێناو خەون و خولیا ڕەواکانیدا بەشوێنێک نەگەیاند... ناتوانایی بزوتنەوەی شورایش بۆ بەرگری لە شوراکان و خواستەکانی خەڵکی کوردستان لە ئازادی و خۆشبەختی و دامەزراندنی جۆرێکی تر لەدەسەڵات... شانسی داسەپاندنی دەسەڵاتی بە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، کە دەسەڵاتی خۆیان دابسەپێنن و بە زۆری چەکیش شوراکان دابخەن و پاشەکشە بە رۆڵی چەپ و کۆمۆنیستەکان تازە کارەکان لە مەیدانی بەرامبەرکێی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، بکەن.

بەدەسەڵات گەیشتنی حزبەکانی کوردایەتی، بە پێچەوانەی بانگەشەکانی سەرەتای داسەپاندنی دەسەڵاتیان، نەک نەیتوانی کەمترین ئازادی و خۆشبەختی و مافە هەرەسەرەتاییەکانی ئینسانی کورد زامن بکات، بەڵکو دەست ڕاگەیشتن بە نان و ئاو و کارەبا و موچە سەرەتاییترین خزمەتگوزارییەکانیشی کردە ئاوات و خولیایەکی سەختی وەدی نەهاتوو... دزی و تاڵانی ئاشکرای سیستماتیک کرد. هاوکات لەگەڵ ئەوەدا پرسی سیاسی کوردستان و ستەمی نەتەوایەتی بە کەوتنی ڕژێمی بەعس، کۆتایی پێهات و چیتر خەڵکی کوردستان پلە دوو نەمان و زوڵمی قەومیان لەسەر نەما، بەڵام ئەم پرسە هیچ وەڵامیکی یەکجارەکی وەرنەگرتەوە و فیدرالیزمی قەومی بووە منداڵدانی بەرامبەرکێیەکی نوێ، کە هەمیشە خەڵکی کوردستانی لە دڵەراوکێی ململانێی نیوان دەسەڵاتی ناوەندو هەرێمدا راگرتووە و سایەی دوبارە زوڵمی قەومیش هەر ماوە.

ئێستا زیاتر لە سێ دەهەیە، کە نزیکە بە مێژووی دەسەڵاتداریێتی بەعس، خەڵکی کوردستان رووبەڕوون لەگەڵ دەسەڵاتی خۆولاتی و کوردی... دەسەڵاتێک کە وینەی لە بیمافی هاوڵاتیانیدا بێ وێنەیە، تاکە دەسەڵاتی سەر هەسارەی ئەم زەویەیە کە موچەی فەرمانبەرانی نادات. دەسەڵاتێکی دەگمەنی نا یاسایی ونائاسایی میلیشییاییە، دەسەڵاتێکە لەسەر لاوازی نەیارەکانی، لە بۆشایی و ململانێی ناوچەییدا هەناسە دەدات. دەسەڵاتێکی دژە ئازادییە و هەرچی ئازادی و ئازادییەکانی هەیە، لە دەیان ئەمما و ئەگەر و مقەدەساتی پوچی قەومی و دینی ئەخلاقی و کەلتوری و بنەماڵەییدا، گیرکردووە. سەرکوت و زیندانیکردنی لەسەر چات، رەخنە و نارەزایەتی زۆر سادەی بۆ موچە و خزمەتگوزارییەکان کردۆت نۆرم بۆ پاراستنی دەسەڵاتی... باسێک لە مافە فەردی ومەدەنیەکانی تاک نییە، ژنان لە خراپترین دۆخدان و بەدەیان هەزاریان بە پاساوی پوچی ناموس پەرستی لێ تیرۆکراوە بێ ئەوەی بکوژانی سزای تاوانی کوشتن درابن... لاوان لەم هەرێمەدا پۆل پۆل ناچار بە جێهیشتنی کوردستان کراون و بە سەدانیان لە ریگای سەخت و سنورە زەمینی و ئاوییەکاندا، بوونەتە قوربانی...

لەژێر سایەی ئەم دەسەڵاتە ٣٤ ساڵیەدا، یاسا نەک فۆرمێک بۆ ریکخستنی کۆمەڵگەو بەرگری لە مافی ئینسان لە نزمترین ئاستیدا نییە، بەڵکو حەربەیەکە بەدەست میلیشیا و حزب و بنەماڵەوە بۆ تۆقاندن و ترساندنی چینی کریکار و بێبەشانی کۆمەڵگەو پارێزەری ئاشکرای تاڵانچیان و تۆمەتبارە زەبەلاحەکانی حزب و بنەماڵەیە... هاوکات دەسەڵات بۆتە نۆکەر و کرێگرتەی حیرفەیی وڵاتە چنگ بەخوێنەکانی ناوچەکە.

مێژووی ٣٤ ساڵەی ئەم دەسەڵاتە هاوشانە بە نارەزایەتی جەماوەری بەدژیدا، لەپیناو ئازادی و مافە سەرەتایەکانی ژیان و گوزەران و ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکان... کە لە ١٧ شوباتی ساڵی ٢٠١١ خواستی رامالینی ئەو دەسەڵاتە پێی گرتووە تا هاتووە بەرینتر و فراوانتر بۆتەوە.

ئیستا هیچ رێگایەک بۆ درێژەدان بە دەسەڵات نەماوەتەوە جگە لە توندکردنەوەی سەرکوت و داپڵۆسین. بۆ جەماوەری کوردستانیش ریگایەک نەماوەتەوە جگە لەوەی کە ئەو دەسەڵات رابماڵن و دەسەڵاتێ واقعی خۆیان لەسەر کەلاوەی دەسەڵاتیان بنیات بنێن. لەو راستایەشدا بۆ ئەوەی راپەرین و شۆرشی داهاتووی بێبەشان، لە پێناو خەون و خولیاکانیاندا، بەلاریدا نەبریت و یان لە نیوەی ڕیگادا نەدزرێت، پێویستی بە ئاسۆی سۆشیالیستی و بە ریکخرابوون و حزبی سیاسی چینی کریکاری دەخالەتگەری سیاسی و کۆمەڵایەتی شۆرشگیرەوە هەیە...

**سەرەتای ئازاری ٢٠٢٥**

بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

عەلی مەولود، میرۆ عەبدولکەریم، توانا حەمە نوری، سەردار عەبدوڵا حەمە، تۆنی کلیف، ڕێبوار یاسین، وریای ڕەسام، سەلام سەعید، کاوان قادر، ئاراس ڕەشید، عەبدوڵا مەحمود، ڕێبوار حەمەشەریف، نەچم محەمەد، بەندی عەلی...

دۆسیەی ژمارە "بزوتنەوەی ناڕەزایەتی مامۆستایان و فەرمانبەران"؟

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خوێندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

## دوا وتە

## لەیادی 34 ساڵەی ڕاپەڕیندا، ڕاماڵینی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی بۆتە ئەرکێکی لەدواخستن نەهاتوو!

عەبدوڵا مەحمود

ئەم ڕۆژانە ٣٤ ساڵ بەسەر خرۆشان و راپەرینی جەماوەری کوردستان، بەدژی دەسەڵاتی رەشی بەعسدا، تێدەپەڕێت.

٣٤ ساڵ بەر لە ئێستا، سەرەتا خەڵکی خواروی عیراق و پاشان کوردستان، لە ناوجەرگەی شەرو ملهوری نواندنی ئەمریکاو غەربدا، بەدژی دەسەڵاتی رەشی بەعس هەستان و راپەرین. لە ئاکامی ئەم ڕاپەرینەدا بەعس لە کوردستان وەدەرنراو بارگەو بنەی هیزە سەربازی و ئەمنیەکانی پێچرانەوەو دەسەڵاتی رەشی هەڵپێچرا.

هیواو ئامانجی خواستی خەڵکی کوردستان، لەم ڕاپەرینەدا، دەست راگەیشتنیان بوو بە ئازادی و ئازادییەکان و بەتایبەتیش ئازادی سیاسی و رزگاربوون لەدەست زوڵمی نەتەوایەتی...


بەعس راونرا و دەسەڵاتی سیاسی لە چوارچێوەی سیاسەت و نەخشەی ئەمریکادا، سپێردرا بە هیزەکانی بۆرژوازی کورد، بەدیاریکراویش بە پارتی و یەکێتی. دیارە پارتی و یەکێتی زۆر پێشتر و لەگەڵ دەسپێکی ئەزمەی کەنداودا، هەموو ئومێدی خۆیان بە جەنگی ئەمریکا و سیاسەتەکانیەوە گرێدابوو، تا لەدوای روخاندنی بەعسدا، خەونی بەشداری دەسەڵاتیان لەگەڵ بەغداد بۆ برەخسێت و فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستانیش بگرنە دەست.

بۆ ئەمریکا و غەرب، سپاردنی دەسەڵات بە پارتی و یەکیتی کە گویَ لە مستی خۆیان بوو، پێشتر نەخشەی بۆ کێشرابوو... یەکیک لەو پلانانەی کە دەبوو پارتی و یەکێتی جیَ بەجێی بکەن، داسەپاندنی سەرکوت و لەباربردنی خەون و خولیاکانی خەڵکی کوردستان بوو بۆ دەست راگەیشتن بە ئازادی و خۆشبەختی و بەدیاریکراویش پاشەکشەپێکردن بەو رەوت و هێڵە چەپ و کۆمۆنیست و ئازادیخوازە بوو، کە هەوڵی دەدا نەریتیکی نوی لە خەبات و مەیدانداری بزوتنەوەیەکی تر، بکاتە جێگرەوەی بزوتنەوەی کوردایەتی.

بلۆکی چەپ و کۆمۆنیست و ریکخراو و گروپەکانیان، کەپێشتر بە شێوەی نهێنی خەریکی هەڵسوڕان و کاری رێکخراوەیی بوون، لەسەرەتای ئەزمەی کەنداوەوە ئامادەکاریان بۆ سازدانی جەماوەر و ڕاپەڕین دەکرد، رۆڵیشیان لە سازدانی کۆمیتەکانی راپەرێندا هەبوو، بەر لەهێزەکانی بەرەی کوردستانی لەشارەکاندا بەتایبەتیش لەشاری سلێمانیدا، ڕابەرایەتی چەخماغەدانی ڕاپەرینیان کرد و پاشانیش بزوتنەوەی شورایان وەرێخست. شوراکانیان لە زوربەی کارگە و کارخانەکان

بۆ لاپەڕە 14

## ئێمەو ئێوە... هۆنراوەی بەندی عەلی



ئێمە وئێوە

لەوەتەی هەین گیان ئەدەین و

لەوەتەی هەن هەر گیان دەبەن!

لەوەتەی هەین.. لێو بەبارین

لەوەتەی هەن .. هەر لێو بەخەن!

ئێوەی داچۆڕاو لەدوایین

ئاونگی ئارەقەی شەرم و

ئێمەی هەوری ..

ئاووس بەزوخای گەرم و

باریو .. بەسەر

دەشتێکی قاقڕی نەرما

باوەجو .. لێ

بێ ڕەنگی نێرگزی مۆژدەی

بەهاری نوێ ..

لەوەتەی هەین..لەوەتەی هەن

ئێمەی خەرمانی دزراو و

ئێوە پووشی، دەم شنەی شەن!

*******

## دوو بەرهەمی نوێی هونەرمەند وریای ڕەسام

